# سۆشیاڵیزم و جەنگ

## ڤلادیمیر لینین

وەرگێڕانی: ئەرسەلان ئەفراسیاو

# Socialism and War

**1915**

## Vladimir Lenin

**لە بڵاوکراوەکانی ناوەندی کۆمۆن**

لەنێوان تەموز و ئابی ١٩١٥ـدا نووسرا
لە پایزی ١٩١٥ـشدا لە نامیلکەیەکدا لەلایەن ڕۆژنامەی سۆسیال دیموکراتەوە لە ژنێف بڵاوکرایەوە

**سەرچاوە:**

- الاشتراكية والحرب
فلاديمير لينين
تعريب واصدار: دار ابن وليد

سۆشیالیزم و جەنگ

ڤلادیمیر لینین

وەرگێڕانی: ئەرسەلان ئەفراسیاو

## پێشەکی چاپی یەکەم

ساڵێکە جەنگ بەردەوامە. هەر لە سەرەتاشەوە حزبەکەمان هەڵوێستی خۆی لەمەڕ ئەم جەنگە لە بەیاننامەی کۆمیتەی مەرکەزیدا دیاریکرد کە لە ئەیلولی ١٩١٤ـدا داڕێژرا و (پاشئەوەی بەسەر ئەندامانی کۆمیتەی مەرکەزی و نوێنەرە بەرپرسەکانی حزبەکەمان لە ڕوسیا دابەشکرا و ڕەزامەندییان وەرگیرا) لە یەکی تشرینی دووەمی ١٩١٤ـدا لە ژمارە ٣٣ـی ڕۆژنامەی سۆسیال دیموکراتی زمانحاڵی حزبەکەماندا بڵاوکرایەوە[1]. پاشتر بڕیارەکانی کۆنگرەی بێرن[2] لە ژمارە چلی هەمان ڕۆژنامەدا (لە ٢٩ـی ئاداری ١٩١٥) بڵاوکرایەوە، ئەو بڕیارانەش وردتر پرنسیپ و تاکتیکی ئێمەی خستەڕوو.

لەئێستاشدا ڕۆحی شۆڕشگێڕیی لەناو جەماوەری ڕوسیادا تادێت ڕوو لە زیادبوون دەکات. سیماکانی ئەم ڕووداوەش لە هەموو شوێنێکی وڵاتانی دیکەدا دەبینرێتەوە، سەرەڕای دامرکاندنەوەی مەیلە شۆڕشخوازییەکانی پرۆلیتاریا لەلایەن زۆرینەی حزبە سۆسیال دیموکراتە ڕاگەیەنراوەکانەوە کە پاڵپشتییان لە حکومەتەکانیان و بۆرژوازیەتەکانیان کرد. ئەم بارودۆخە بە تەواوی ناچارمان دەکات نامیلکەیەک بۆ دەرخستنی تاکتیکی حزبی سۆسیال دیموکرات و هەڵوێستی حزب لەبارەی جەنگەوە بڵاوبکەینەوە.

لەم نامیکەشدا تەواوی دیکۆمێنتەکانی حزب لەو بارەوە دووبارە بڵاودەکینەوە و هەندێک ڕوونکردنەوەی پوختی بۆ زیاد دەکەین، هەوڵدەدین تەواوی ئەو بەڵگە گرنگانە بخەینەڕوو کە لە بەرژەوەندیی تاکتیکی بۆرژوازی بوون و ئەوانەشی کە لە بەرژەوەندیی تاکتیکی پرۆلیتاری بوون، ئەو بەڵگە و ئارگۆمێنتانەی لە بڵاوکراوە و کۆبوونەوەکانی حزبدا کەوتنەڕوو.

[1] لینین، کۆبەرهەم، چاپی چوارەم، بەرگی ٢١، لاپەڕە ٩–١٨، چاپی ڕوسی.

[2] کۆنگرەی لقەکانی حزبی کرێکارانی سۆسیال دیموکراتی ڕوسی لە وڵاتانی بیانی کە لە ماوەی نێوان ٢٧ی شوبات تا ٤ی ئاداری ١٩١٥ لە بێرن (لە سویسرا) بەسترا. کۆنگرەکە بە دەستپێشخەریی لینین بوو، ڕۆڵی کۆنگرەیەکی گشتیی حزبی بەلشەفکی بینی، چونکە ئاستەم بوو لە میانی جەنگدا کۆنگرە بۆ سەرانسەری ڕوسیا سازبکرێت. نوێنەری لقە بەلشەفییەکانی پاریس و زوریخ و ژینێف و بێرن و لۆزان و قەوارەی پۆچی تێیدا بەشداربوون. لینین وەک نوێنەری کۆمیتەی مەرکەزی و ڕۆژنامەی سەرەکی بەشداربوو و قسەی لەسەر "جەنگ و ئەرکەکانی حزب" کرد، کۆنگرەش ئەو بڕیارانەی پەسەندکرد کە لینین دایڕشتبوون (سەرچاوەی پێشوو، ل ١٣٧–١٤٢).

## پێشەکی چاپی دووەم

ئەم نامیلکە لە هاوینی ١٩١٥ـدا و لەپێش بەستنی کۆنگرەی ئەنجومەنی گشتی لە زیمرڤالد[1] بڵاوکرایەوە. بە ئەڵمانی و بە فەرەنسییش بڵاوکرایەوە، پاشان لە ڕۆژنامەی لاوانی سۆسیال دیموکراتی نەرویژیدا دووبارە بە تەواوی لەچاپدرایەوە. چاپە ئەڵمانییەکەش بەنهێنی برایە نێو ئەڵمانیاوە -بۆ بەرلین و لایپزیگ و چەندین شاری تر- بەنهێنییش لەلایەن لایەنگرانی چەپی زیمرڤالدی و گروپی کارڵ لیبکنیخەوە دابەشکرا. چاپی فەرەنسییش بە نهێنی لە پاریس چاپکرا و لەلایەن زیمرڤالدییە فەرەنسییەکانەوە دابەشکرا. بەڵام ژمارەیەکی زۆر دیاریکراو لە چاپە ڕوسییەکەی دزەی پێکرایە نێو ڕوسیاوە، هەندێک کرێکاریش لە مۆسکۆ بەدەست لەبەریانگرتەوە.

ئێمەش ئێستا دەقی تەواوی ئەم نامیلکەیە وەک دیکۆمێنتێک دەخەینەڕوو. خوێنەریش دەبێت ئەوەی لەیادبێت ئەم نامیلکە لە ئابی ١٩١٥ـدا بڵاوبۆتەوە، بەتایبەت کاتێک ئەو بڕگانەی تایبەت بە ڕوسیا دەخوێنێتەوە: ڕوسیای ئەو سەردەمەی کە هێشتا قەیسەری بوو، ڕوسیای خێزانی ڕۆمانۆڤ...

١٩١٨

[1] Zimmerwald.

## بەشی یەکەم
## پرنسیپەکانی سۆشیالیزم و جەنگی ١٩١٤-١٩١٥

### هەڵوێستی سۆشیالیستەکان بەرامبەر بە جەنگ

سۆشیالیستەکان هەمیشە سەرکۆنەی جەنگی نێوان گەلانیان کردوە و وەک کردەیەکی بەربەری و دڵڕەقانە تەماشایان کردوە. لەگەڵ ئەوەشدا هەڵوێستی ئێمە بەرامبەر بە جەنگ جیاوازییەکی بنەڕەتی هەیە لەگەڵ هەڵوێستی ئاشتیخوازە بۆرژوازەکان (لایەنگران و بانگخوازانی ئاشتی) و ئەنارشیستەکان. ئێمە لەوەدا لەگەڵ ئاشتیخوازە بۆرژوازەکاندا جیاوازین، لەو پەیوەندییە تونددوتۆڵانە تێدەگەین کە لە نێوان جەنگ و ململانێی چینایەتیی نێو هەر وڵاتێکدا هەیە، ئێمە دەزانین هەتا چینەکان لەناو نەچێت و سۆشیالیزم دانەمەزرێت لەناوچوونی جەنگ ئاستەمە؛ لەوەشدا جیاوازین کە ئێمە بە تەواوی دان بە شەرعیەتی شەڕی ناوخۆدا دەنێین و بە زەرور و پێشکەوتوخوازی دەزانین، ئەو شەڕەی کە چینی چەوساوە بەرامبەر بە چینی چەوسێنەر بەرپای دەکات، ئەوەی کە کۆیلە بەرامبەر خاوەن‌کۆیلە بەرپای دەکات، ئەوەی کە کۆیلەی زەوی بەرامبەر خاوەن زەوی و کرێکاری کرێگرتە بەرامبەر بۆرژوازی بەرپای دەکات. ئێمەی مارکسیست لەوەدا لە ئەنارشیستەکان و ئاشتیخوازەکان جیاوازین، دان بەوەدا دەنێین کە زەرورە هەر جەنگێک بە جیا لە ڕووی مێژووییەوە (لە دیدگای ماتریالیزمی دیالەکتیکیی مارکسەوە) توێژینەوەی لەسەر بکرێت. مێژوو چەندین جەنگی پێشکەوتووخوازی بەخۆوە دیوە، گەرچی هەموو جەنگێک ترس و تەنگانە و ئازار و نەهامەتی خۆی هەیە، بەڵام ئەم جەنگە پێشکەوتووخوازانە سوودیان هەبووە بۆ گەشەسەندنی مرۆڤایەتی هاوکاربوون بۆ لەناوبردنی دەزگا زیانبەخش و کۆنەپارێزەکان (ستەمکاری و کۆیلەگەریی بەنموونە) و بەربەریترین رژێمە زۆردارەکانی ئەوروپا (تورکی و ڕوسییەکان). بۆیە ئەرکە لەسەرمان بە وردی لە تایبەتمەندییە مێژووییەکانی ئەم جەنگەی ئێستا بکۆڵینەوە.

### نموونە مێژووییەکانی جەنگەکانی سەردەمی نوێ

شۆڕشی گەورەی فەرەنسی سەرەتای سەردەمێکی نوێ بوو لە مێژووی مرۆڤایەتیدا، چونکە لە شۆڕشی فەرەنسییەوە تا کۆمۆنەی پاریس، واتە لە ساڵی ١٧٨٩ـوە تا ساڵی ١٨٧١، جەنگەکانی ڕزگاریی نەتەوەیی کە دیوێکی بۆرژوازیی پێشکەوتووخوازیان هەبوو، نموونەیەکی ئەم جەنگانەن. بەمانایەکی تر، ناوەڕۆکی سەرەکی و گرنگیی مێژوویی ئەم جەنگانە بریتبوو لە بەزاندنی سیستەمی ستەمکاری و دەرەبەگی و نەهێشتنی چاوتێبڕینی بێگانە. بۆیە ئەم جەنگانە جەنگی پێشکەوتووخواز بوون؛ هەر بۆیە سەرجەم دیموکراتخواز و شۆڕشگێڕە دەستپاکەکان، سەرجەم سۆشیالیستەکان، خوازیاری سەرکەوتنی ئەو وڵاتانە بوون (واتە سەرکەوتنی بۆرژوازی) کە تێدەکۆشان بۆ بەزاندنی ترسناکترین بنەماکانی فیودالیزم و ستەمکاری و سەرکوتکردنی گەلانی تر. لە جەنگە شۆڕشخوازەکانی فەرەنسادا

فەرەنسییەکان دەستیان بەسەر زەوی بێگانەکاندا دەگرت، بەڵام ئەمە لە گرنگیی سەرەکیی ئەم جەنگانە کەمناکاتەوە کە پایە و بنەماکانی دەرەبەگایەتی و حوکمڕانیی ڕەهای لە ئەوروپای کۆن و ئەوروپای سەردەمی کۆیلایەتی زەوی[1] هەژاند. لە جەنگەکانی نێوان ئەڵمانیا و فەرەنسا، ئەڵمانیا فەرەنسای تالانکرد، بەڵام ئەمە هیچ لە گرنگیی مێژوویی سەرەکیی ئەم جەنگانە ناگۆڕێت کە بوونەهۆی دەربازبوونی دەیان ملیۆن ئەڵمانی لە دابەشکاریی فیوداڵی و چەوسانەوە و ستەمی دوو ستەمکار کە بریتیبوون لە قەیسەری ڕوسیا و ناپلیۆنی سێیەم.

## جەنگی دوژمنکارانە و جەنگی بەرگریکارانە

ماوەی نێوان ساڵانی ١٧٨٩-١٨٧١ کاریگەریی قووڵ و بەرهەستی شۆڕشگێڕیی لەدوای خۆی جێهێشت. چونکە بەر لە لەناوبردنی دەرەبەگایەتی و حوکمڕانیی ڕەها و چاوتێبڕینی بێگانە، مەسەلەی پێشکەوتنی خەباتی پرۆلیتاریا لەپێناو سۆشیالیزمدا ناکەوێتە سەر پێی خۆی. وەگەر بمانەوێت لەبارەی جەنگەکانی ئەو ماوەیەوە قسە لەسەر شەرعییەتی جەنگی "بەرگریکارانە" بکەین، دەبێ بڵێین ئامانجی تایبەت و هەمیشەیی سۆشیالیستەکان شۆڕشکردن بووە لەدژی ڕژێمی سەدەکانی ناوەڕاست و کۆیلایەتی زەوی.

هەمیشە سۆشیالیستەکان مەبەستیان لە جەنگی "بەرگریکارانە" جەنگی "عادیلانە" بووە، هەر بەم مانایە (لیبکنیخیش ڕۆژێک لە ڕۆژان هەر ئەم مەبەستەی هەبوو) تەنها بەم مانایە سۆشیالیستەکان لە ڕووی شەرعی و پێشکەوتووخواز و عادیلانەی "بەرگری لە نیشتمان" و جەنگی "بەرگریکارانە" تێدەگەن، بەردەوام هەرواش لێی تێدەگەن. بۆنموونە: ئەگەر سبەینێ مەراکیش جەنگ لەدژی فەرەنسا ڕابگەیەنێت، یان هیندستان لەدژی بەریتانیا، یاخود ئێران یان چین لەدژی ڕوسیا، ئەوا ئەو جەنگە جەنگێکی "عادیلانە" و "بەرگریکارانە"یە بەبێ ڕەچاوکردنی ئەوەی کام لایەن دەستپێشخەر بووە، هەموو سۆشیالیستێکیش ئاواتەخواز دەبێت دەوڵەتە چەوساوە و ناسەربەخۆکان براوەبن، ئەو دەوڵەتانەی لەئاست دەوڵەتە "مەزنە" چەوسێنەر و خاوەنکۆیلە و تالانچییەکاندا مافێکی ئەوتۆیان نییە.

بەڵام بیهێننە بەرچاوتان خاوەندارێک خاوەنی سەد کۆیلەیە، جەنگ لەدژی خاوەندارێکی تر بەرپاکات کە خاوەنی دوو سەد کۆیلەیە، بۆ دابەشکردنەوەی کۆیلەکان بەشێوەیەکی "عادیلانەتر". ئیدی ئاشکرایە جێبەجێکردنی بیرۆکەی جەنگی "عادیلانە" و "بەرگریکردن لە نیشتمان" بەسەر ئەم جۆرە حاڵەتانەدا ساختەکردنی مێژووە و چەواشەکردنی خەڵکی عەوام و وردەبۆرژوا و خەڵکی نەفامە لەلایەن خاوەنکۆیلە فریودەر و فێڵبازەکانەوە. هەر بەم ڕێگایە بۆرژوازیەتی داگیرکاری ئەم سەردەمە، لەم جەنگەی ئێستای نێوان خاوەنکۆیلەکان و لەڕێگەی پرنسیپی "نیشتمانی" و بیرۆکەی بەرگریکردن لە نیشتمانەوە، بەئامانجی ڕێگەخۆشکردن بۆ کۆیلایەتی و بەهێزکردنی، خەریکی خڵەتاندنی گەلانە.

---

[1] Serfdom.

**ئەم جەنگەی ئێستا جەنگێکی داگیرکارانەیە**

هەموان کەمتازۆر دان بەوەدا دەنێن ئەم جەنگەی ئێستا جەنگێکی داگیرکارانەیە، بەڵام زۆربەی کات ئەم ڕاستییە دەشێوێنن، چونکە تەنها بەسەر لایەنێکدا ساغی دەکەنەوە یان ئاماژە بەوە دەدەن کە

ڕەنگە ئەم جەنگە بەهایەکی پێشکەوتووخوازی بۆرژوازانەی هەبێت کە بریتییە لە ڕزگاریی نیشتمانی. ئیمپریالیزم باڵاترین قۆناغی پێشکەوتنی سەرمایەدارییە، سەرمایەداری تەنها لە سەدەی بیستدا بەم ئاستە گەییووە. هەر لە ئێستاشەوە لە دەوڵەتە کۆنەکانی ئەوروپادا تەنگەتاو بووە، ئەو دەوڵەتانەی بەبێ دەرکەوتنیان سەرمایەداری نەیدەتوانی فیوداڵیزم لەناوببات. سەرمایەداری پرۆسەی بەسەنتەرکردنی بەڕادەیەک پێشخستووە تەواوی پیشەسازییەکان لەلایەن قۆرخکار و وامدار و یەکێتییە سەرمایەدارە ملیاردێرەکانەوە داگیرکراوە، بەڕادەیەک نزیکەی تەواوی گۆی زەوی لەنێوان ئەم "هێزە سەرمایەدارانەدا" لەشێوەی داگیرگە یان لەڕێگەی بەستنەوەی وڵاتانی بیانی بە هەزاران بەستەری وەبەرهێنانی دارایییەوە، دابەشکراوە. ئێستا لەجێی ئازادیی بازرگانی و گێچەڵفرۆشی، [سەرمایەداری] گەمارۆی خاک دەدات و داگیری دەکات، تاکوو لەو خاکەدا وەبەرهێنان بەسەرمایەکانەوە بکات و کەرەستە بنەڕەتییەکانی حەپەلووش بکات... هتد. ئیدی سەرمایەداری لە ڕزگارکەری گەلانەوە، وەک ئەو دەمەی خەباتی لەدژی فیوداڵیزم دەکرد، بوو بە چەوسێنەرێکی بەهێزی گەلان. هەروەها لە پێشکەوتووخوازەوە بوو بە کۆنەخواز؛ چونکە بەڕادەیەک هێزەکانی بەرهەمهێنانی وەپێشخست کە چیدی بژاردەیەک لە بەردەم مرۆڤایەتیدا نەمایەوە ئەوە نەبێت یان بەرەو سۆشیالیزم بڕوات یان بۆ دەیان ساڵ بینەری ململانێی چەکداریی دەوڵەتە "مەزنەکان" بێت، ململانێیەک لەپێناو پارێزگارییەکی درۆزنانە لە سەرمایەداری لە ڕێگەی داگیرگە و قۆرخکاری و ئیمتیازات و چەوساندنەوەی گەلان بەچەندین شێوەی جیاواز.

**جەنگی نێوان خاوەنکۆیلە گەورەکان لەپێناو هێشتنەوە و بەهێزکردنی کۆیلایەتی**

بۆ ڕوونکردنەوەی ڕۆڵی ئیمپریالیزم، لە خوارەوە ئامارێکی ورد دەخەینەڕوو لەبارەی دابەشکردنی جیهان لەلایەن ئەوانەی پێیاندەوترێت دەوڵەتە "مەزنەکان" (یان ئەو دەوڵەتانەی لە گەورەترین پرۆسەکانی تالانیدا سەرکەوتوون).

**دابەشکردنی جیهان لەلایەن دەوڵەتە "مەزنە" خاوەنکۆیلەکانەوە**

| دەوڵەتە "مەزنەکان" | داگیرگەکان | | | | وڵاتی داگیرکەر ١٩١٤ | | کۆی گشتی | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ١٨٧٦ | | ١٩١٤ | | | | | |
| | کیلۆمەتری | دانیشتوان | کیلۆمەتری | دانیشتوان | کیلۆمەتری | دانیشتوان | کیلۆمەتری | دانیشتوان |
| | بەملیۆن | | بەملیۆن | | بەملیۆن | | بەملیۆن | |
| ئینگلترا | ٢٢<br>٥. | ٢٥<br>١.<br>٩ | ٣٣.<br>٥ | ٣٩<br>٣.<br>٥ | ٠.٣ | ٤٦<br>٥. | ٣٣.<br>٨ | ٤٤<br>٠ |
| ڕوسیا | ١٧ | ١٥<br>٤. | ١٧.<br>٤ | ٣٣<br>٢. | ٥.٤ | ١٣<br>٦.<br>٢ | ٢٢.<br>٨ | ١٦<br>٩.<br>٤ |
| فەرەنسا | ٠.<br>٩ | ٦ | ١٠.<br>٦ | ٥٥<br>٥. | ٠.٥ | ٣٩<br>٦. | ١١.<br>١ | ٩٥<br>١. |
| ئەڵمانیا | – | – | ٢.٩ | ١٢<br>٣. | ٠.٥ | ٦٤<br>٩. | ٣.٤ | ٧٧<br>٢. |
| ژاپۆن | – | – | ٠.٣ | ١٩<br>٢. | ٠.٤ | ٥٣ | ٠.٧ | ٧٢<br>٢. |
| ویلایەتە یەکگرتووە ئەمریکییەکانی باکوور | – | – | ٠.٣ | ٩.<br>٧ | ٩.٤ | ٩٧ | ٩.٧ | ١٠<br>٦.<br>٧ |
| ٦ دەوڵەتی "مەزن" | ٤٠<br>٤. | ٢٧<br>٣.<br>٨ | ٦٥ | ٥٢<br>٣.<br>٤ | ١٦.<br>٥ | ٤٣<br>٧.<br>٢ | ٨١.<br>٥ | ٩٦<br>٠.<br>٦ |
| ئەو داگیرگانەی سەر بە دەوڵەتە مەزنەکان | | | ٩.٩ | ٤٥<br>٣. | | | ٩.٩ | ٤٥<br>٣. |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| نین (سەر بە بەلژیکا و هۆڵەندا و دەوڵەتی دیکەن) | | | | | | |
| سێ وڵاتی "نیمچە داگیرکراو" (تورکیا، چین، ئێران) | | | | | ١٤.<br>٥ | ٣٦<br>١.<br>٢ |
| کۆی گشتی | | | | | ١٠٥<br>٩. | ١٣<br>٦٧<br>١. |
| وڵات و دەوڵەتی تر | | | | | ٢٨ | ٢٨<br>٩.<br>٩ |
| تەواوی گۆی زەوی (جگە لە ناوچەی جێمسەری) | | | | | ١٣٣<br>٩. | ١٦<br>٥٧ |

لەمەوە دەردەکەوێت ئەو گەلانەی لەنێوان ساڵانی ١٧٨٩-١٨٧١ زۆرینەی کات لەپێش گەلانی دیکەوە لەپێناو ئازادیدا تێدەکۆشان، لە ئێستادا و لەساڵی ١٨٧٦ بەدواوە، لەسەری بناغەی سەرمایەدارییەکی هەرە پێشکەوتوو و "هەرە پێگەیشتوو"، بوونەتە گەلانێک کە زۆرینەی گەلان و دانیشتوانی زەوی دەچەوسێنن و دەڕوتێننەوە. لەساڵی ١٨٦٧ـەوە تا ساڵی ١٩١٤ شەش دەوڵەتی "مەزن" ٢٥ ملیۆن کیلۆمەتری چوارگۆشە خاکیان داگیرکردوە، واتە پانتاییەک کە دوو جار و نیو لە پانتایی تەواوی ئەوروپا زیاترە. ئەم شەش دەوڵەتە زیاتر لە نیو ملیار (٥٢٣ ملیۆن) دانیشتووی ئەو

داگیرگانەیان ملکەچی خۆیان کردوە. واتە هەر چوار دانیشتوویەکی دەوڵەتە "مەزنەکان" پێنج دانیشتووی لە داگیرگەکاندا "هەیە". هەموو مرۆڤێک دەزانێت داگیرگەکان بە ئاگر و ئاسن داگیرکراون و مامەڵەیەکی وەحشیگەرانەش لەگەڵ دانیشتوانیاندا دەکرێت، بە هەزاران ڕێگاش وەبەرهێنانیان تێدا دەکرێت (بە هەناردەکردنی سەرمایە و ئیمتیازات... هتد، بە گزیکردن لە کوالێتی ئەو کاڵایانەی پێیاندەفرۆشرێت، بە بەکارهێنانیان لەلایەن دەسەڵاتی وڵاتی "داگیرکارەوە" و چەندین ڕێگای دیکەش). بۆرژوازیەتی ئەنگلۆ-فەرەنسی گەل دەخڵەتێنێت کاتێک بانگەشەی ئەوە دەکات شەڕ لەپێناو ئازادیی گەلان و ئازادیی بەلژیکادا دەکات، ئەو لە ڕاستیدا شەڕ لەپێناو پارێزگاریکردن لەو داگیرگانەی دەکات کە بەشێوەیەکی سەرشۆڕانە داگیری کردون. خۆ ڕەنگە داگیرکارە ئەڵمانییەکان دەستبەرداری بەلژیکا و شوێنەکانی تر بوونایە ئەگەر ئینگلیزەکان "شەرەفمەندانە" داگیرگەکانی

خۆیانیـان لەگەڵـدا دابەشـکردنایە. لە ڕاسـتیدا ئەم جەنـگە دیـاریکردنی چارەنووسـی داگیرگەکـانە لەسـەر خـاکی ئەوروپی. چونکە لە دیدی عەدالەتی بۆرژوازی و ئازادیی نیشتمانییەوە (یان لە دیدی مافی گەلان لە بـوون) ڕەنـگە ئەڵمانیا لەسەر حەق بێت لە ململانێیدا لەگەڵ ئینگلترا و فەرەنسـا، چـونکە بێبەش و "مەحـرومە" لە داگیرگەکـان؛ جگەلەوەش دوژمنەکـانی زیـاتر لە ئەو گەلان دەچەوسـێننەوە، ئینجـا لە نەمسـای هـاوپەیمانی ئەڵمانیـاش سـلاڤە چەوساوەکان، بێ مشتومڕ، ئازادییەکی زیاتریان هەیە لە ئازادیی سلاڤەکان لە ڕوسـیای قەیسـەری کە لە ڕاسـتیدا "زیندانی گەلانە". لەگەڵ ئەوەشدا ئەو شەڕەی ئەلمانیا دەیکات بۆ ڕزگارکردنی گەلان نییە بەڵکو بۆ چەوساندنەوەی گەلانە، ئەرکی سۆشیاڵیستەکانیش ئەوە نییە هاوکاری چەتە و شەوکوتێکی بەهێزتر و گەنجـتر (ئەڵمانیـا) بکـات لە تـاڵانکردنی چەتەیەکـی پیـر و پەککـەوتە. سۆشیاڵیسـتەکان دەبێـت سـوود لە شـەڕی نێـوان چەتەکـان ببیـنن بـۆ لەناوبردنی هەموویـان. بـۆیە دەبـێ سۆشیاڵیسـتەکان لەم پێنـاوەدا و بەر لە هەر شـتێک ڕاسـتی بە گەل بڵـێن، ئەو ڕاستییەی کە ئەم شەڕە، لە سێ لاوە، شەڕی کۆیلەکارانە لەپێناو پشتیوانیکردنی کۆیلایەتی. چـونکە یەکەم، شـەڕە لەپێناو پاڵپشتیی بەکۆیلەکردنی داگیرگەکان لەڕێگەی دابەشکردنێکی "عادیلانەتر" و وەبەرهێنانێکی "گونجاوتر"ی ئەم داگیرگانە؛ دووەم، شەڕە لەپێناو چەوساندنەوەی زیاتری گەلە بیانییەکـان لەنـاو خـودی دەوڵەتە "مەزنەکانـدا"، چونکە نەمسا و ڕوسیا (ڕوسـیا توندتر و خـراپتر لە نەمسـا) دەست بەم چەوسانەوەوە دەگـرن کە لەکـاتی جەنگـدا زیاتری دەکەن؛ سێیەم، شەڕە لەپێناو پشتیوانیکردنی کـۆیلایەتیی کرێکـاری و کرێگرتەیـی و زیـادکردنی تەمەنـی، چـونکە پرۆلیتاریـا بە دابەشـکراوی و لاوازی دەمێنێـتەوە، لەکاتێکـدا سـەرمایەدارەکان سـوودمەند دەبـن و بەهـۆی جەنگەوە دەوڵەمەند دەبن و تایەفەگەری و جیاکاریی نەتەوەیی و دەوروژێنن و ڕۆحی کۆنەپـارێزی زیـاتر دەکەن کە لە گشت وڵاتاندا، تەنانەت لە وڵاتە کۆمارییەکانیشدا کە لەوانی دی ئازادترن، ڕووی لە زیادبوون کردوە.

## "جەنگ درێژکردنەوەی سیاسەتە بە ڕێگەی دیکە" (بەڕێگەی توندتر)

ئەمە پەندێکی ناوداری کلەوزێتـز[1]ـە کە نووسـەرێکی دیـاری مەسـەلە جەنگییەکـانە. مارکسـییەکانیش لەبەر چەنـد هۆکارێکی دروست، بۆ تێگەیشتنیان لە ڕۆڵی هەر جەنگێک، هەمیشە ئەم ئایدیا وەک بنەمایەکی تیـۆری لەبەرچـاو دەگرن. مارکس و ئەنگڵسیش بەردەوام هەر لەم تێڕوانینەوە لە سەرجەم جەنگەکانیان ڕوانیووە.

ئەگەر لەم دیدگاوە تەماشای جەنگەکانی ئێستا بکەین، دەبینین دەیان ساڵ، نزیکەی نیو سەدە، حکومەت و چیـنە باڵادەسـتەکانی ئینگلـترا و فەرەنسـا و ئەڵمانیـا و ئیتاڵیـا و نەمسـا و ڕوسـیا سیاسـەتی تـاڵانکردنی داگیرگەکـان و چەوساندنەوەی گەلانی دی و پێشێلکردنی بزوتنەوەی کرێکاری پەیـڕەو دەکەن. چـونکە ئەم سیاسـەتە، تەنهـا ئەم

---

[1] Clausewitz.

سیاسەتە، تاکە سیاسەتێکە کە لە جەنگی ئێستادا پەیڕەو دەکرێت. چونکە بەتایبەت لە نەمسا و ڕوسیا، ئەو سیاسەتەی لە ڕۆژانی ئاشتیدا پەیڕەو دەکرێت، ئەو سیاسەتەیە کە لە ڕۆژانی جەنگدا پەیڕەو دەکرێت، سیاسەتی ملکەچکردنی گەلان نەک ڕزگارکردنیان. بەپێچەوانەی ئەمەشەوە، لە دەیان ساڵی ڕابردوودا لە چین و ئێران و هیندستان و وڵاتە داگیرکراوەکانی تر، سیاسەتی ڕاسان و هەستانەوەی دەیان و سەدان ملیۆن مرۆڤ بەڕووی ژیانی نیشتمانیدا دەبینرێت، سیاسەتی ڕزگاربوون لە چاوتێبڕینی دەوڵەتە "مەزنە" کۆنەپارێزەکان. جەنگ لەم گۆڕەپانە مێژووییەدا، تەنانەت لەم ڕۆژگارەشدا، دەکرێت جەنگێکی بۆرژوازیی پێشکەوتنخوازیی بێت، جەنگ بێت بۆ ڕزگاربوونی نیشتمانی.
هێندە بەسە وەها لەم جەنگەی ئێستا بڕوانین درێژکراوەی سیاسەتی دەوڵەتە "مەزنەکان" و چینە سەرەکییە هاوبەشەکانیانە، بۆئەوەی لەو بۆچوونە تێبگەین کە هەوڵەدات لەناو ئەو هەموو فرتوفێڵ و ڕیایی و دژە مێژووییەدا پاساو بۆ بیرۆکەی "بەرگری لە نیشتمان" بێنێتەوە.

## نموونەی بەلژیکا

سۆشیاڵیستە شۆڤێنییەکانی هاوپەیمانیی سێ قۆڵی (کە ئەمڕۆ بۆتە چوار قۆڵی)، (لە ڕوسیا: پلیخانۆڤ و هاوبەشەکانی) حەزدەکەن نموونەی بەلژیکا بێننەوە. بەڵام ئەم نموونە دژ بەخۆیان دەوەستێتەوە، چونکە داگیرکەرە ئەڵمانییەکان بێئابڕوانە بێلایەنی بەلژیکا دەبەزێنن، وەکچۆن هەمیشە و لە هەموو شوێنێک دەوڵەتە شەڕکەرەکان لە کاتی پێویستیدا هەموو پەیمان و ڕێکەوتنەکان پێشێل دەکەن. با بەو بیرۆکەیە ڕازی بین کە دەڵێت هەموو ئەو دەوڵەتانەی بەرژەوەندییان هەیە لەوەی ڕێز لە پەیمانە نێودەوڵەتییەکان بگرن، ئەگەر هەیە جەنگ لەدژی ئەڵمانیا ڕابگەیەنن و داوای لێبکەن لە بەلژیکا بکشێتەوە و قەرەبووی بکاتەوە. لەم حاڵەتەدا، وەک چاوەڕوان دەکرێت، سۆشیاڵیستەکان هاوسۆزی دوژمنانی ئەڵمانیا دەبن. بەڵام لە ڕاستیدا ئەو جەنگەی هاوپەیمانیی سێ قۆڵی (چوارقۆڵی) بەرپایکرد لەپێناو بەلژیکادا نەبوو: ئەمەش شتێکی تەواو ئاشکرایە و تەنها ڕیاکارەکان هەوڵی شاردنەوەی دەدەن. ئینگلترا داگیرگەکانی ئەڵمانیا و تورکیا تاڵان دەکات، ڕوسیاش هەمان شت لە گالیسیا و تورکیا دەکات؛ فەرەنساش هەوڵەدات ئیلزاس و لۆرین و تەنانەت کەناری ڕووی چەپی ڕووباری ڕەینیش بەدەستبێنێت، پەیماننامەیەکیشی لەگەڵ ئیتاڵیادا مۆرکردوە بۆ دابەشکردنی ئەو تاڵانییە. لە بواری ئەم جەنگەی ئێستادا حکومەتە باڵادەستەکان بەهیچ ڕێگایەک ناتوانن هاوکاری بەلژیکا بکەن جگە لە ڕێگەخۆشکردن بۆ تەنگەتاوکردنی نەمسا و تورکیا.. هتد! ئیدی ئەمە چ شوێنێکە بۆ "بەرگریکردن لە نیشتمان"؟ ڕێک ئەمەیە خەسڵەتی تایبەتی جەنگی ئیمپریالی، جەنگێکە لەنێوان حکومەتە بۆرژوازە کۆنەپارێزەکاندا ڕوودەدات، کە لەپێناو چەوساندنەوەی گەلانی دی کۆتایی بە ڕۆڵی مێژوویی خۆی هێناوە. هەرکەس بەهانە بۆ بەشداریی لەم جەنگەدا بێنێتەوە، دەستی دەبێت لە

چەوساندنەوەی گەلانی داگیرکراو، بەڵام هەرکەس ئاستەنگییەکانی ئێستای حکومەتەکان لەپێناو شۆڕشی سۆشیالیستیدا بقۆزێتەوە بەرگری لە ئازادیی سەرجەم گەلە ڕاستەقینەکان دەکات، ئەو ئازادییەی کە تەنها لەژێر سایەی سیستەمی سۆشیالیستیدا بەدیدێت.

## ڕوسیا بۆچی شەڕ دەکات؟

ئیمپریالیزمی سەرمایەداری، کە جۆرێکی نوێیە لە ڕوسیا، لە سیاسەتی قەیسەریدا بەرامبەر بە ئێران و مەنشۆریا و مەنگۆلیا بەئاشکرا دەبینرێت؛ بەڵام بەگشتی ئەوەی لە ڕوسیا دەگوزەرێت ئیمپریالیزمی سەربازی و دەرەبەگیە. چونکە لە هیچ شوێنێکی دونیادا دانیشتوانی هیچ وڵاتێک هێندەی دانیشتوانی ڕوسیا ناچەوسێنەوە: ڕوسە گەورەکان[1] تەنها ٤٣% کۆی گشتیی دانیشتوان پێکدێنن، واتە کەمتر لە نیو، ئیدی ئەوانیدی لە مافەکان بێبەشن چونکە لە ڕەگەزی دیکەن. لە سەد و حەفتا ملیۆن دانیشتووی ڕوسیا نزیکەی سەد ملیۆن کەس دەچەوسێتەوە و لە ماف بێبەش دەکرێن. قەیسەری بۆ ئەوە دەچێتە جەنگەوە گالیسیا داگیرکات و بە یەکجاری ئازادیی ئۆکرانییەکان نەهێڵێت و دەست بەسەر ئەرمینیا و قوستەنتینیەدا بگرێت... هتد. چونکە قەیسەری وا لە جەنگ دەبینێت ئامرازێکە بۆ دورخستنەوەی بەلا ڕوولەزیادەکانی وڵاتەکەی، ئامرازێکە بۆ داپڵۆساندنی بزوتنەوەی شۆڕشگێڕیی کە تا دێت ڕوو لە هەڵکشان دەکات. ئەمڕۆ لە ڕوسیا بەرامبەر بە دوو ڕوس، دوو یان سێ کەس لە "ڕەگەزەکانی تر" بێ ماف دەژین: قەیسەری لە ڕێگەی جەنگەوە هەوڵی زیادکردنی ژمارەی ئەو گەلانە دەدات کە لە ڕێی ڕوسیاوە دەچەوسێنەوە، پشتیوانی لەم چەوساندنەوە دەکات و هەوڵی سەرکوتکردنی خەباتی خودی ڕوسەکانیش دەدات کە لەپێناو ئازادیدا تێدەکۆشن. چەوساندنەوە و تاڵانکردنی گەلانی تر درێژە بە لاوازیی ئابووری دەدات، بەهۆی ئەوەی ئیستیغلالکردنی "ڕەگەزەکانی تر" وەک سەرچاوەیەکی داهات بەشێوەیەکی نیمچە فیودالی، زۆرینەی کات ڕێگرە لەبەردەم پێشکەوتنی هێزەکانی بەرهەمهێنان. بەمشێوەیە، جەنگ بۆ ڕوسیا تایبەتمەندییەکی کۆنەپارێزی زۆردارانەی هەیە و ڕقێکی گەورەشی بەرامبەر بە بزوتنەوەی ڕزگاری لەخۆیدا هەڵگرتووە.

## سۆسیال شۆڤێنیزم چییە؟

[1] واتە ئەوانەی بە ڕەگەز ڕوسن.

سۆسیال شۆڤێنیزم لەم جەنگەی ئێستادا پەیڕەوی لە "بەرگری لە نیشتمان" دەکات. ئەم ئایدیاش لەکاتی شەڕدا دەبێتە هۆی جێهێشتنی خەباتی چینایەتی و پشتیوانیکردن لە دەرماڵە جەنگییەکان[1]... هتد. لە ڕاستیدا سۆشیاڵیستەکان سیاسەتێکی دژ بە پرۆلیتاریا پەیڕەو دەکەن، سیاسەتێکی بۆرژوازی، چونکە لە ڕاستیدا سۆشیاڵیستە شۆڤێنییەکان وەها تەماشای "بەرگری لە نیشتمان" ناکەن خەبات بێت لەدژی چاوتێبڕینی بیانی، بگرە پێیانوایە دەوڵەتە "مەزنەکان" مافی خۆیانە داگیرگەکان تاڵانکەن و گەلانی تر بچەوسێننەوە. سۆشیاڵیستە شۆڤێنییەکان وەک بۆرژوازیەت گەل چەواشە دەکەن کاتێک بانگەشەی ئەوە دەکەن ئەم شەڕە بۆ ئەوە ڕاگەیەنراوە بەرگری لە ئازادی و قەوارەی گەلان بکرێت، لەمەشدا بە تەنیشت بۆرژوازیەتەوە لەدژی پرۆلیتاریا دەوەستنەوە. کاوتسکی و هاوشێوەکانی کە لە بەردەم سۆشیاڵیستەکانی هەموو دەوڵەتە شەڕکەرەکاندا دان بە مافی "بەرگری لە نیشتمان"دا دەنێن، سۆشیاڵیستی شۆڤێنین و هیچیان لەوانە کەمتر نییە کە لە بەرەیەکی دەوڵەتە شەڕکەرەکاندا بەرگری لە حکومەتە بۆرژوازەکان دەکەن. سۆسیال شۆڤێنیزم کە لە ڕاستیدا ڕێگە بە بەرگری لە بەرژەوەندییە تایبەتەکانی بۆرژوازیەتە ئیمپریالەکەی دەدات (یان هەر بۆرژوازیەتێکی تر)، ڕێگە بە بەرگری لە ئیمتیازات و تاڵانی و دڕندەییەکەی دەدات، سۆشیاڵیزمێکە خیانەتی تەواو لە سەرجەم بیروباوەڕە سۆشیاڵیستیەکان و بڕیاری کۆنگرەی سۆسیال ئەنتەرناسیۆناڵی بال[2] دەکات.

## بەیاننامەی بال

ئەو بەیاننامەی لەبارەی جەنگەوە لە ساڵی ١٩١٢ لە بال بەکۆی دەنگ دەنگی لەسەر درا، ڕێک مەبەستی ئەو جەنگە بوو کە ساڵی ١٩١٤ لەنێوان ئینگلترا و ئەڵمانیا و هاوپەیمانەکانی ئێستایدا هەڵگیرسا. بەیاننامەکەش بەڕوونی ئاشکرایکرد هیچ بەرژەوەندییەکی گەل نابێتە پاساو بۆ جەنگێکی لەم جۆرە کە لەسەر بنەمای سیاسەتێکی داگیرکاریی چاوچنۆکانەی دەوڵەتە مەزنەکان و لەپێناو "سوودی سەرمایەداران و ئیمتیازاتی خانەدانە حوکمڕانەکان" هەڵگیرساوە. هەروەها بەیاننامەکە بەڕوونی ئەوەشی ڕاگەیاند کە جەنگ مەترسییە "بۆ سەر حکومەتەکان" (هەموویان بەبێ جیاوازی)، ئاماژەشی بە ترسی حکومەتەکان کرد لە "شۆڕشی پرۆلیتاری". وەکچۆن بە ڕوونی نموونەی کۆمۆنەی ساڵی ١٨٧١ و کۆمۆنەی تشرینی یەکەم-کانونی یەکەمی ساڵی ١٩٠٥ـی بەیاددا هێنایەوە، واتە نموونەی شۆڕش و نموونەی شەڕی ناوخۆی بایاددا هێنایەوە. بەمشێوە بەیاننامەی بال، بۆ ئەم جەنگەی ئێستا بەدیاریکراوی، تاکتیکی خەباتی شۆڕشگێڕیی کرێکاریی دژ بە حکومەتەکانی سەرانسەری دونیا دیاریکرد، کە بریتییە لە تاکتیکی شۆڕشی پرۆلیتاری.

---

[1] War credits.

[2] کۆنگرەی ئەنتەرناسیۆناڵی دووەم لە بال لە ٢٤ بۆ ٢٥ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩١٢ بەسترا. ئەم کۆنگرە کۆنگرەیەکی نائاسایی بوو بۆ تاوتوێکردنی جەنگی بەلقان و مەترسیی هەڵگیرسانی جەنگ لە ئەوروپا. کۆنگرەکە بەیاننامەیەکی ڕاگەیاند تێیدا ئاماژەی دا بە کرۆکی ئیمپریالیانەی جەنگی جیهانی داهاتوو، داواش لە سۆشیاڵیستەکانی سەرجەم وڵاتان کرا چالاکانە لەدژی جەنگ خەبات بکەن (هەر لەبارەی بەیاننامەی بالەوە دەتوانن سوود لەو نووسینەی لینین ببینن بەناونیشانی: "شکستی ئەنتەرناسیۆناڵی دووەم"، کۆبەرهەم، چاپی چوارەم، بەرگی ٢١، لاپەڕە ١٨٤-١٩٣. دەقی بەیاننامەکەش وەک پاشکۆیەک لەگەڵ کتێبی "ئیمپریالیزم، باڵاترین قۆناغی سەرمایەداری" بڵاوکراوەتەوە).

بەیاننامەکە کۆمەڵێک بڕگەی بڕیارەکانی شتوتگارتی بەکارهێنایەوە کە دەڵێت: دەبێ سۆشیالیستەکان، لەکاتی هەڵگیرسانی جەنگدا سوود لەو "قەیرانە ئابووری و سیاسییە" وەرگرن کە بەهۆی جەنگەوە دروستبووە، تاکوو "دارمانی سەرمایەداری خێراتر بکەن"، واتە دەبێ لە پێناو شۆڕشی سۆشیالیستیدا کەڵک لە تووڕەیی خەڵک و ئەو تەنگوچەڵەمانە وەرگرن کە لەکاتی جەنگدا بەرۆکی حکومەتەکان دەگرن.
سیاسەتی سۆشیالیستە شۆڤێنیەکان، کە سیاسەتێکە لە گۆشەنیگای ڕزگاریی بۆرژوازییەوە ئارەزووی پاساوداركردنی جەنگ و قبوڵکردنی ئایدیای "بەرگری لە نیشتمان" و پشتیوانیکردنی دەرماڵە جەنگییەکان و بەشداریکردن لە وەزارەتەکان دەکات، سیاسەتێکە خیانەتێکی گەورە لە سۆشیالیزم دەکات، وەک لە لاپەڕەکانی داهاتووشدا دەبینین هیچ تەفسیرێکی دیکە هەڵناگرێت ئەوە نەبێت سیاسەتێکی هەلپەرستە و دژ بە سیاسەتی ئازادی-نیشتیمانیی کرێکاریی نێو زۆرینەی حیزبە ئەوروپییەکان کاردەکات.

**خراپ بەکارهێنانی وتەکانی مارکس و ئەنگڵس**

سۆشیالیستە شۆڤێنییە ڕوسەکان (لەسەرو هەموویانەوە پلیخانۆڤ) پشت بە تاکتیکی مارکس لە جەنگی ١٨٧٠ـدا دەبەستن. سۆشیالیستە شۆڤێنییە ئەڵمانەکانیش (هاوشێوەکانی لانش و دایڤد و ئەوانیتر) پشت بە لێدوانەکانی ساڵی ١٨٩١ـی ئەنگڵس دەبەستن کاتێک ڕایگەیاند دەبێت سۆشیالیستە ئەڵمانییەکان بەرگری لە نیشتمانیان بکەن ئەگەرهاتوو شەڕ لەنێوان ئەڵمانیا و ڕوسیا و فەرەنسا دروستبوو. سۆشیالیستە شۆڤێنییەکانی وەک کاوتسکییش، کە دەیانەوێت لە سەر ئاستی جیهان ڕێگە بە شۆڤێنیزم بدەن و پاساوی بۆ بێننەوە، پشت بەوە دەبەستن کە مارکس و ئەنگڵس، سەرباری ئەوەی سەرکۆنەی جەنگیان دەکرد، لە ١٨٥٤ تا ١٨٥٥ و لە ١٨٧٠ تا ١٨٧١ و لە ١٨٧٦ تا ١٨٧٧ پاڵپشتییان لە یەکێک لە وڵاتە شەڕکەرەکان کردوە.
سەرجەم ئەم بەڵگەهێنانەوە و پشتبەستنانە هیچ نین جگە لە شێواندن و بەلارێدابردنی چەمکەکانی مارکس و ئەنگڵس بۆ خزمەتکردنی بۆرژوازیەت و هەلپەرستەکان، وەکچۆن ئەنارشیستەکان لە نووسینەکانیاندا (گلیۆمییەکان و هاوبەشەکانیان بەنموونە) چەمکەکانی مارکس و ئەنگڵس بەمەبەستی پاساوهێنانەوە بۆ ئاناشیزم دەشێوێنن. جەنگی ١٨٧٠-١٨٧١ بۆ ئەڵمانیا جەنگێکی پێشکەوتووخوازی مێژوویی بوو، تا ئەوکاتەی ناپلیۆنی سێیەم تێکشکا، کە بە هاوبەشی لەگەڵ قەیسەردا، بە سوودبینین لە دابەشبوونی فیوداڵیانەی ئەڵمانیا، ئەو وڵاتەیان چەوساندەوە. بەڵام هەر کە جەنگەکە بە ئاقاری تاڵانکردنی فەرەنسادا چوو (لکاندنی ئیلزاس و لۆرین بە ئەڵمانیاوە) مارکس و ئەنگڵس بەتوندی سەرکۆنەی ئەڵمانەکانیان کرد. پاشان، هەر لە سەرەتای ئەو جەنگەوە مارکس و ئەنگڵس

پاڵپشتییان له بیبڵ و لیبکنیخ کرد که ڕازی نەبوون پشتیوانی له دەرماڵه جەنگییەکان بکەن، ئامۆژگاریی سۆسیال دیموکراتیشیان کرد نەچێته بەرەی بۆرژوازییەوە و خەبات لەپێناو بەرژەوەندییە چینایەتییەکانی پرۆلیتاریا بکات. بەڵگەهێنانەوە بە پشتیوانیکردنی مارکس و ئەنگڵس لەو جەنگە بۆرژوازییە پێشکەوتوخوازە، کە جەنگی ڕزگاریی نیشتمانی بوو، بۆ ئەم جەنگە داگیرکارییەی ئەم ڕۆژگارە، ئەوپەڕی گاڵتەجاڕییە. ئەمە لەبارەی جەنگی ١٨٥٤-١٨٥٥ و سەرجەم جەنگەکانی دیکەی سەدەی نۆزدەشەوە هەر ڕاستە، چونکە ئەوکات نە ئەم ئیمپریالیزم و داگیرکارییەی ئێستا هەبوو، نە ئەو پێشمەرجە بابەتیانەی بەردەستن بۆ هەبوونی سۆشیاڵیزم، نە ئەو حیزبە سۆشیاڵیستیە جەماوەریانەی لە سەرجەم وڵاتە شەڕکەرەکاندان، واتە ئەوکات ئەو پێشمەرجانە لە ئارادا نەبوون کە بەهۆیانەوە بەیاننامەی بال لەمەڕ جەنگی نێوان وڵاتە مەزنەکان تاکتیکی "شۆڕشی پرۆلیتاری" هەڵێنجاند.
لەم ڕۆژگارەدا، پشتبەستن بە هەڵوێستی مارکس لەبارەی جەنگە بۆرژوازییە پێشکەوتوخوازەکان و لەیادکردنی ئەو وتەی مارکس کە دەڵێت: "کرێکاران نیشتمانیان نییە"، وتەیەک ڕێک لەگەڵ سەردەمی بۆرژوازیی کۆنەپارێزدا کە سەردەمی بەسەرچووە دەگونجێت، یان سەردەمی شۆڕشی سۆشیاڵیستی. پشتبەستن بەمیان و لەبیرکردنی ئەویان، شێواندنی مارکسە بەشێوەیەکی بێشەرمانە، گۆڕینی دیدگای سۆشیاڵیستییە بە دیدگای بۆرژوازی.

## شکستهێنانی ئەنتەرناسیۆناڵی دووەم

سەرجەم سۆشیاڵیستەکانی جیهان ساڵی ١٩١٢ لە بال بە ڕاشکاوی ڕایانگەیاند جەنگی داهاتووی ئەوروپی بە کارێکی "تاوانکارانە" و کردەوەیەکی ئەوپەڕی کۆنەپارێزانەی سەرجەم حکومەتەکانی دەزانن؛ کارێک کە ڕۆشتنی سەرمایەداری بەرەو مەرگی خۆی خێراتر دەکات، چونکە ئەو جەنگە دەبێتەهۆی ئەوەی شۆڕشی بەسەردا بکرێت. جەنگەکە هەڵگیرسا و قەیرانەکە دروستبوو. کەچی زۆرینەی حزبە سۆسیال دیموکراتەکان تاکتیکێکی کۆنەپارێزانەیان گرتەبەر و لەبری گرتنەبەری تاکتیکی شۆڕشگێڕی پشتیوانییان لە بۆرژوازی و حکومەتەکانیان کرد. بەرامبەر بەم خیانەتەش کە شکستهێنانی ئەنتەرناسیۆناڵی دووەم (١٨٨٩-١٩١٤) گوزارشتی لێدەکات، دەبێت هۆکارەکانی ئەم شکستە بخەینەڕوو، شکستێک کە بووەهۆی سەرهەڵدانی سۆسیال شۆڤێنیزم و ئەو شتەی بۆتە سەرچاوەی هێزی ئەم جۆرە سۆشیاڵیزمە.

## سۆسیال شۆڤێنیزم لوتکەی هەلپەرستییە

لەمیانی بەستنی ئەنتەرناسیۆناڵی دووەمدا خەبات لەناو سەرجەم حزبە سۆسیال دیموکراتەکاندا لەنێوان باڵی شۆڕشگێڕی و باڵی هەلپەرستیدا لە هەموو شوێنێک بەردەوامبوو. لە زۆربەی وڵاتەکاندا ئەم خاڵە هۆکاری

جیابوونەوە و ئینشیقاق بـوو (لە ئینگلـترا و ئیتالیـا و هۆڵەنـدا و بولگاریـا). هـیچ مارکسـییەکیش گومـانی لەوە نەبـوو ئۆپۆرتـۆنیزم و هەلپەرسـتی لەنـاو بـزوتنەوەی کرێکاریـدا گوزارشـتی لە سیاسـەتی بـۆرژوازی دەکـرد، گوزارشـتی لە بەژەوەندیی وردە بۆرژوا دەکرد، گوزارشتی لە هاوپەیمانی کەمینەیەکی بچوکی کرێکاری بەبۆرژوازبوو[1] دەکرد لەگەڵ "بۆرژوازییەکەیاندا"، دژ بە بەرژەوەندیی جەماوەری کارکەر، جەماوەری چەوساوە.

بارودۆخە بابەتییەکانی کۆتایی سەدەی نۆزدە هەلپەرستی بەهێزکرد. سـوودبینین لە شـەرعیەتی بـۆرژوازی گـۆڕی بە کۆیلایەتیی بۆرژوازی، دەستەیەکی بیرۆکراسی و ئەرستۆکراتیی بچوکی لەناو چینی کرێکاردا دروستکرد، ژمـارەیەک "هاوڕێگای" وردە بۆرژوای هێنایە ڕیزی حزبە سۆسیال دیموکراتەکانەوە.

جەنگ شتەکانی پێشخست و هەلپەرستی گۆڕی بە سۆسیال شۆڤێنیزم، واتە هاوپەیمانیی نهێنی نێـوان هەلپەرسـتی و بۆرژوازی گۆڕی بە هـاوپەیمانییەکی ئاشـکرا. جـگەلەوەش دەسـەڵاتە سـەربازییەکان لە هەمـوو شـوێنێک بـاری نائاسـاییان ڕاگەیانـد و کەوتـنە وێـزەی جەمـاوەری کرێکـاریی کە زۆریـنەی سـەرکردە کۆنەکانیـان چـوونە ڕیـزی بۆرژوازییەوە.

بنەمـای ئابووریـانەی هەلپەرسـتی هەمـان بنەمـای ئابووریـانەی سۆسـیال شـۆڤێنیزمە: بەرژەوەنـدیی دەسـتەیەکی کرێکاریی بچـوکی خـاوەن ئیمتیـازات، بەرژەوەنـدیی ئەو وردە بۆرژوایـانەی بەرگـری لە ئیمتیـازات و دۆخـی نایـابی خۆیـان دەکەن، بەرگـری لە پشـکی خۆیـان دەکەن لەو قـازانجەی کە بەهـۆی تـاڵانکردنی گەلانـی دی لەلایەن بـۆرژوازییەتی وڵاتەکەیـانەوە بەدەسـتهاتووە، بەرگـری لە پشـکی خۆیـان دەکەن لەو سـوودانەی لە بـوونی ئەم بۆرژوازییەتە بە دەوڵەتێکی مەزن دەکەوێتەوە... هتد.

ناوەڕۆکی فیکری و سیاسیی هەلپەرسـتی هەمـان نـاوەڕۆکی سۆسـیال شـۆڤێنیزمە: هـاوپەیمانیی چینـایەتی لەجێـی ململانێـی چینـایەتی، پشـتکردن لە ئـامرازە شۆڕشـگێڕییەکانی خەبـات، هاوکـاریکردنی "حکومەتەکـان" لە کـاتی تەنگـانەدا لەبـری سـوودبینین لە تەنگوچەڵەمەکـان بـۆ بەرژەوەنـدیی شـۆڕش. وەگەر بەکـۆ تەماشـای وڵاتە ئەوروپییەکان بکەیـن و هەنـدێ کەسایەتی لێدەرکەین (چەنـدە کـاریگەریش بـن)، دەبینـین ڕەوتـی هەلپەرسـتی قەڵغـانی سـەرەکیی سۆسـیال شـۆڤێنیزم بـووە، لە هەمـوو شـوێنێکیش بەردەوام لە بەرەی شۆڕشـخوازەوە نـاڕەزایەتی لەدژی ئەم ڕەوتە دروسـتبووە. وەگەر تەماشـایەکی کـۆنگرەی سۆسـیال ئەنتەرناسـیۆناڵی شـتوتگارتی[2] سـاڵی ١٩٠٧ بکەین، دەبینـین مارکسـیزمی نێـونەتەوەیی لە دژی ئیمپریـالیزم بـوو، کەچـی هەلپەرسـتیی نێـونەتەوەیی پشـتیوانی دەکرد.

---

[1] Embourgeoises .

[2] کۆنگرەی شتوتگارتی ئەنتەرناسیۆناڵی دووەم لە ١٨ بۆ ٢٤ی ئابی ١٩٠٧دا بەسترا، لەو کۆنگرەیەدا ٣٧ نوێنەر نوێنەرایەتی حزبی سۆسیال دیموکراتی ڕوسییان دەکرد، لە بەرەی بەلشەفیکەکان لینین و لۆناچارسکی و لیتیڤینۆڤ و چەندانی تر بەشداربوون. کۆمەڵێک لیژنە درێژەیان بە کارە سەرەکییەکانی کۆنگرەکە دا، ئەم لیژنانە چەندین پرۆژە بڕیاریان ئامادەکرد بۆئەوەی دەستەی گشتیی دەنگیان لەسەر بدات. لینین لەو لیژنەدا بەشداربوو کە سپێردرابوو بە ئامادەکردنی پرۆژە بڕیارێک لەبارەی حکومەتە سەربازییەکان و ناکۆکییە جیهانییەکانەوە. لینین بە هاوبەشی لەگەڵ ڕۆزا لۆکسمبۆرگ دەستکارییەکی مێژوویی پرۆژە بڕیارێکیان کرد کە لەلایەن بیبلەوە پێشکەشکرابوو. لەم هەموارکردنەشدا هاتبوو کە دەبێ سۆشیالیستەکان، بۆ خرۆشاندنی جەماوەر و سەراوژێرکردنی سەرمایەداری، سوود لەو قەیرانە وەربگرن کە بەهۆی جەنگەوە دروست بووە. ئەوەبوو کۆنگرە هەموارکردنەوەکەی پەسەند کرد. (لەبارەی ئەم کۆنگرەوە دەتوانن سوود لە وتارێکی لینین ببینن بەناونیشانی: "کۆنگرەی شتوتگارتی سۆشیالیستیی نێونەتەوەیی"، کۆبەرهەم، چاپی چوارەم، بەرگی ١٣، لاپەڕە ٥٩-٦٥ و ٦٦-٧٧).

## یەکگرتن لەگەڵ هەلپەرستیدا هاوپەیمانیی کرێکارانە لەگەڵ بۆرژوازیی نەتەوەیی و جیابوونەوەی چینی کرێکاریی شۆڕشگێڕیی نێونەتەوەییە

گەرچی لەماوەی پێش جەنگدا زۆرینەی کات وەک پێڕێکی "جیا" و "لایەنێک" تەماشای هەلپەرستی دەکرا، چونکە نەدەتوانرا وەها تەماشا بکرێت بەشێکی تەواوکەری حزبە سۆسیال دیموکراتەکان نییە. بەڵام جەنگ سەلماندی کە ئاستەمە ئەو دۆخە بەردەوام بێت. چونکە هەلپەرستی ئامانجی خۆی پێکا و وەک نێردەیەکی بۆرژوازیەت لە نێو بزوتنەوەی کرێکاریدا تا کۆتایی گەمەکە ڕۆشت. ئیدی یەکگرتن لەگەڵ هەلپەرستەکاندا بوو بە ئاوێتەبوونێکی ڕیاکارانە کە لە حزبی سۆسیال دیموکراتی ئەڵمانییدا نموونەکەی دەبینینەوە. لە بۆنە گەورەکاندا (بۆنموونە لەمیانی دەنگدانی چواری ئابدا[1]) هەلپەرستەکان دوایین ئاگاداریی خۆیان پێشکەش دەکەن و دەیخەنە بواری جێبەجێکردنەوە، بە بەکارهێنانی پەیوەندییە جۆراوجۆرەکانیان لەگەڵ بۆرژوازیەت و ئەو زۆرینەی لە ئیدارەی سەندیکاکاندا هەیانە... هتد. ئەمڕۆ، یەکگرتن لەگەڵ هەلپەرستەکاندا، لە ڕووی پراکتیکییەوە بەمانای ملکەچکردنی چینی کرێکار دێت بۆ بۆرژوازیەتە نەتەوەییەکەی "خۆی"، بەمانای پەیوەندیگرتنێک دێت بە ئامانجی چەوساندنەوەی گەلانی دی و ململانێ لەپێناو بەدەستهێنانی ئیمتیازاتی ئیمپریالیزم، ئەمە جگەلەوەی بە مانای پەرتکردنی پرۆلیتاریای شۆڕشگێڕیی گشت وڵاتەکان دێت.
گەرچی هەندێجار خەبات لە دژی هەلپەرستەکان نارەحەتە، کە لە هەندێک لە ڕێکخراوەکاندا دەسەڵاتدارن، گەرچی لە هەندێک وڵاتدا پێشوەچوونی پرۆسەی پاککردنەوەی حزبە کرێکارییەکان لێیان پرۆسەیەکی تۆکمەیە، بەڵام ئەم پێشوەچوونە شتێکی بەرهەمدارە و دەبێت ڕووبدات. سۆشیالیزمی ریفۆرمخواز لە سەرەمەرگدایە، سۆشیالیزمی هەستانەوەش، وەک سۆشیالیستی

فەرەنسی پۆڵ گولی دەڵێت: "سۆشیالیزمێکی شۆڕشگێڕ و ڕاپەڕیوو دەبێت و هیچ مساوەمەیەک قبووڵ ناکات".

## "کاوتسکیزم"

[1] لە چواری ئابی ١٩١٤ـدا قەوارەی سۆسیال دیموکرات لە رایخشتاغ دەنگی دا بە دەرماڵە جەنگییەکانی حکومەتی گلیۆمی دووەم کە بۆ پشتیوانیکردنی جەنگی ئیمپریالی خرابووە دەنگدانەوە. سەرکردەکانی سۆسیال دیموکراتی ئەڵمانی بەدەستی ئەنقەست ئەم خیانەتەیان لە چینی کرێکار کرد و هەڵوێستی سۆسیال شۆڤێنیزمیان گرتەبەر و بەرگرییان لە بۆرژوازیەتی ئیمپریالی کرد.

کاوتسکی، گەورەترین دەستڕۆشتووی ئەنتەرناسیۆناڵی دووەم، نموونەیەکی ڕوون و دیاری بەردەستە، کە بەهۆیەوە دەزانین تێگەیشتنی حەرفی لە مارکسیزم بەرەو کوێ دەچێت و چۆن هەنگاو بەرەو "ستۆرڤیزم"[1] و "برینتانۆیزم"[2] دەنێت. پلیخانۆڤیش نموونەیەکی دیکەی ئەمەیە. ئەمانە بە بەکارهێنانی سەفسەتەگەراییەکی پەتی، مارکسیزمیان لە ڕۆحی زیندووی خۆی، لە شۆڕشخوازی داماڵی. ئەوان هەموو شتێکی مارکسیزمیان قبووڵە ڕێگای شۆڕشگێڕیانەی خەبات نەبێت، بانگێشت و کردار و پەروەردەی جەماوەریشییان بەم ئاقارەدایە. کاوتسکی بە نابوتکردنی سەرجەم بنەماکان، ئایدیای سەرەکیی سۆسیال شۆڤێنیزم کە لە جەنگی ئێستادا بەرگری لە نیشتمان پیادە دەکات، لەگەڵ ئەو شتانەدا یەکخست کە لە ڕووی سیاسی و مەعنەوییەوە سازشکردن بوو لە بەرژەوەندیی چەپەکان، شتانێکی وەک دەنگنەدان بە دەرماڵە جەنگییەکان و داننانی زارەکیانە بەوەی ڕۆحییەتێکی ئۆپۆزسیۆنانەی هەیە... هتد. ئەو کاوتسکییەی لە ساڵی ١٩٠٩دا کتێبێکی تەواوی لەسەر نزیکبوونەوەی شۆڕش و پەیوەندییەکانی نێوان جەنگ و شۆڕش نووسی، ئەو کاوتسکییەی لە ساڵی ١٩١٢دا بەیاننامەی بالی واژۆکرد کە لەمەڕ سوودبینینی شۆڕشگێڕانە بوو لە جەنگی داهاتوو، ئەمڕۆ ئەو کاوتسکییە هەوڵەدات پاساو بۆ سۆسیال شۆڤێنیزم بێنێتەوە و بە هەموو ئامرازێک هەوڵی جوانکردنی دەدات. هاوشێوەی پلیخانۆڤ چۆتە ڕیزی بۆرژوازییەوە و گاڵتە بە هەموو ئایدیایەکی شۆڕشگێڕیی و هەموو ئەو کردانە دەکات کە بۆ خەباتی ڕاستەوخۆی شۆڕشگێڕیی تێدەکۆشن.

چینی کرێکارییش ناتوانێت ڕۆڵی جیهانیی شۆڕشگێڕانەی خۆی ببینێت ئەگەر بێوچان دژ بەم هەڵگەڕانەوە و سەرشۆڕی و ئاسانکارییە چەپەڵەی هەلپەرستی نەوەستێتەوە کە شێواندنێکی تیۆریی گەورەی مارکسیزمە. کاوتسکیزمیش ڕێکەوت نییە، دەرئەنجامێکی کۆمەڵایەتیی لێکدژەکانی ئەنتەرناسیۆناڵی دووەم و دەستپاکیی حەرفیانەی مارکسیزم و چۆکدادانە بۆ هەلپەرستی.

لە زۆربەی وڵاتاندا ئەم درۆ "کاوتسکییە" سەرەکییە لە شێوەی چەندین فۆرمی جیاوازدا سەریهەڵدا. بۆنموونە لە هۆڵەندا "ڕۆلاند-هۆست" بیرۆکەی بەرگری لە نیشتمانی ڕەتکردەوە و پشتیوانی لە مەسەلەی مانەوە لەگەڵ حزبی هەلپەرستەکان کرد، لە ڕوسیاش "ترۆتسکی" ئەو بیرۆکەی ڕەتکردەوە و بەرگری لە مەسەلەی مانەوە لەگەڵ گروپی ناشازاریا[3]ی هەلپەرست و شۆڤێنی کرد. لە ڕۆمانیاش "ڕاکۆڤسکی" شەڕی لەدژی هەلپەرستی ڕاگەیاند کە هۆکاری شکستهێنانی ئەنتەرناسیۆناڵی دووەم بوو، کەچی لە هەمان کاتدا ئامادەبوو شەرعییەت بە بەرگری لە نیشتمان بدات. ئەمە ئەو دەردەیە کە مارکسییە هۆڵەندییەکان (گۆرتەر و پانیکوک) ناویاننا: "ڕادیکالیزمی نێگەتیڤ" کە دەیویست سازش لەسەر مارکسیزمی شۆڕشگێڕی بکات و لە مەسەلە تیۆرییەکاندا گوڵبژێر بکات و لە مەسەلە پراکتیکییەکانیشدا لە بەردەم هەلپەرستیدا چۆک دابدات.

---

[1] بۆ ناسینی سترۆڤیزم Struveism، تەماشای بەشی چوارەمی ئەم کتێبە بکە.

[2] برینتانۆیزم Brentanoism: ڕێبازێکی بۆرژوازیی ریفۆرمخوازە "دان بە قوتابخانەی سەرمایەداریدا دەنێت کەچی خەباتی شۆڕشگێڕیی چینایەتی ڕەتدەکاتەوە". برینتانۆ: ئابووریناسێکی ئەڵمانیی بۆرژوازییە، یەکێکە لە لایەنگرانی ئەوەی پێی دەوترێت "سۆشیالیزمی دەوڵەتی". هەوڵیدا بیسەلمێنێت یەکسانیی کۆمەڵایەتی لە چوارچێوەی سەرمایەداریدا، لەڕێگەی چاکسازی و سازاندنی بەرژەوەندیی نێوان سەرمایەداران و کرێکاران، دەکرێ بەدیبێت. برینتانۆ و لایەنگرەکانی، لەژێر پەردەی کۆمەڵێک قسەی بەتاڵی مارکسیانەدا، دەیویست بزوتنەوەی کرێکاری لەگەڵ بەرژەوەندیی بۆرژوازیدا تەباکات.

[3] ناشازاریا nacha zaria (بەرەبەیانی ئێمە): گۆڤارێکی مانگانەی ڕێگەپێدراوی مەنشەفیک بوو. لەنێوان ساڵانی ١٩١٠ تا ١٩١٤ دەرچوو.

## دروشمی مارکسیەکان دروشمی سۆشیاڵیزمی دیموکراتیی شۆڕشگێڕییە

جەنـگ بەبـێ جیـاوازی قەیرانێکـی تونـدی بەدوای خۆیـدا هێنـا و بێنەوایـی جەمـاوەری گەیانـدە لـوتکە. ڕووی کۆنەپارێزانەی ئەم جەنگە و درۆی بێشەرمانەی بۆرژوازی لەسەرجەم وڵاتاندا، کە ئامـانجە تاڵانخوازییەکـانی لەژێـر پەردەی ئایدیای "نەتەوەیی"ـدا دەشارێتەوە، سەرئەنجام لە دۆخێکی شۆڕشگێڕیی بابەتیـانەدا مەیلـی شۆڕشـگێڕیی لەلای جەماوەر دروستدەکات. ئەرکی ئێمەش ئەوەیە هاوکاربین بـۆ تێگەیشـتن و قـووڵکردنەوە و بەرجەسـتەکردنی ئەم مەیلانە. دروشمی گۆڕینی شەڕی ئیمپریالی بۆ شەڕی ناوخۆ تاکە شتێکە کە بەشێوەیەکی دروست دەربڕین لەم ئەرکە دەکـات، هەر خەبـاتێکی چینـایەتیی دروسـتیش لە سـەروەختی جەنگـدا، هەر تـاکتیکێکی جیـدیی ئەکتـی جەمـاوەرییش، بەرەو ئەمەمـان دەبـات. ئـێمە نـازانین ئـاخۆ بـزوتنەوەی شۆڕشـگێڕیی بەهـۆی جەنگـی ئیمپریـالی یەکەمەوە یان بەهۆی جەنگی ئیمپریالی دووەمی نێـوان دەوڵەتە مەزنەکـانەوە ڕادەپەڕێـت، لەمیـانی ئەم جەنـگەدا یان لەدوای ئەم جەنگە ڕادەپەڕێـت، هەرچۆنێـک بێـت ئەرکـی یەکەمـی ئـێمە کـارکردنە بەشـێوەیەکی ڕێکخـراو و بەردەوام بۆ ئەم پێناوە.

بەیاننامەی بال ڕاستەوخۆ نموونەی کۆمۆنەی پاریسـمان دێنێـتە یـاد، واتە گـۆڕینی شـەڕی نێـوان حکومەتەکـان بە شەڕی ناوخۆ. نیو سەدە پێش ئێسـتا پرۆلیتاریـا زۆر لاواز بـوو، هەلـومەرجە بابەتییەکـانی سۆشـیاڵیزمیش بەم ڕادەی ئێسـتا پێنەگەشـتبوو؛ نەدەتـوانرا سـازان و هاوکـاری لەنێـوان بـزوتنەوە شۆڕشـگێڕییەکانی نێـو سـەرجەم وڵاتە شەڕکەرەکاندا دروستبکرێت. شەیدایی بەشێک لە کرێکارە پاریسییەکانیش بە "ئایدیا ناسیۆنالیستیەکان" (نموونەی ساڵی ١٧٩٢) خاڵێکی لاوازیی وردە بۆرژوازانەیان بوو کە لە کاتی شیاوی خۆیدا مارکس ئاماژەی پێدا، هەر ئەمەش یەکێکبوو لە هۆکارەکانی کەوتنی کۆمۆنەی پاریس. ئێستا دوای نیـو سـەدە ئەو هەلومەرجـانە نەمـاون کە ئەوکـات شۆڕشـیان لاواز دەکـرد، ئێسـتا ناکرێـت سۆشیاڵیسـتێک تەنهـا بەهـۆی ئەقڵییەتـی کۆمـۆنەی پاریسـەوە دەسـت لە چالاکییەکانی هەڵبگرێت.

## نموونەی برایەتیی نێو خەندەقەکان

ڕۆژنـامە بۆرژوازییەکـان لە سـەرجەم وڵاتە شـەڕکەرەکاندا برایەتیـی نێـوان سـەربازی نەتەوە شـەڕکەرەکان لە نێـو خەندەقەکاندا بە نموونە دەهێنایەوە. ئەو مەرسومە توندانەش کە دەسەڵاتە سـەربازییەکان (لە ئەڵمانیـا و ئینگلـترا) دژ بەم برایەتییە دەریانکرد، سەلماندی کە حکومەتەکان و بـۆرژوازی گرنگییەکـی زۆریـان بەو مەسـەلە داوە. وەگەر نمـوونەی برایەتـی لە دۆخێکـی وەهـادا ڕووبـدات کە هەلپەرسـتی بە تەواوی سـەرکردایەتیی حـزبە سۆسـیال دیموکراتەکـانی ئەوروپـای ڕۆژئـاوای کـۆنترۆڵکردوە و تەواوی ڕۆژنـامەگەریی سۆسـیال دیمـوکرات و هەژمـوونی

ئەنتەرناسیۆنالی دووەم پاڵپشتی سۆسیال شۆڤێنیزم دەکات، ئەوە پێماندەڵێت تا چەندە دەتوانرا ئەم جەنگە تاوانکار و کۆنەپارێزە ئیمپریالەی ئێستا ئاوەژۆبکرێتەوە و بزوتنەوەی ئەنتەرناسیۆنالی شۆڕشگێڕیی ڕێکبخرێت، کە ئەمەش تەنها پێویستی بەوەبوو سۆشیالیستە چەپەکانی سەرجەم وڵاتە شەڕکەرەکان بەم ئاراستەیەدا کاری مونەزەم بکەن.

## ڕۆڵی ڕێکخستنی نهێنی

زۆربەی ئەنارشیستەکانی وڵاتانی جیهان، وەک زۆربەی هەلپەرستەکان، بەهۆی سۆسیال شۆڤێنیزمیانەوە (کە هاوتایە لەگەڵ سۆشیالیزمەکەی پلیخانۆڤ و کاوتسکی) لەم جەنگەدا شەرمەزارییان بەسەر خۆیاندا هێناوە. بێگومان یەکێک لە دەرئەنجامەکانیشی ئەوە دەبێت ئەم جەنگە کۆتایی بە هەلپەرستی و ئەنارشیزم دێنێت.
لەگەڵ ئەوەی حزبە سۆشیالیستەکان، لە هیچ دۆخێکدا و لەبەر هیچ هۆکارێک، سوودوەرگرتن لە هەر ئیمکانیەتێکی ڕێگەپێدراو، ئەگەرچی کەمیش بێت، بۆ ڕێکخستنی جەماوەر و بڵاوکردنەوەی سۆشیالیزم ڕەتناکەنەوە، بەڵام دەبێ هێندەش خۆیان بە شەرعییەتەوە نەبەستن. ئەنگلس کاتێک ئاماژە بە شەڕی ناوخۆ دەکات و باس لەوە دەکات کە پاش ئەوەی بۆرژوازی شەرعییەتی بەزاندوە دەبێت ئێمەش بیبەزێنین، دەنووسێت: "تەقە بکەن ئاغا بۆرژوازەکان". ئەم قەیرانەش سەلماندی کە بۆرژوازی لە سەرجەم وڵاتەکان و ئازادترینیاندا شەرعییەتی بەزاندوە و ئاستەمە جەماوەر بەرەو شۆڕش ببرێت بەبێ دروستکردنی ڕێکخراوێکی نهێنی کە ئامرازە شۆڕشگێڕییەکانی خەبات پیرۆز و ئامادە بکات و قەدریان بزانێت و مشتومڕیان لەسەر بکات. چونکە باشترین کاری سۆشیالیستەکان، لە ئەڵمانیا بەنموونە، خەباتکردنی نهێنییە لەدژی هەلپەرستی چەپەڵ و "کاوتسکیزمی" ڕیاکارانە. لە ئینگلتراش هەرکەس بانگەوازێک لەدژی خزمەتی سەربازی چاپ بکات، دەنێردرێت بۆ زیندان.
لەقەڵمدانی ڕەتکردنەوەی ڕێگا ناشەرعییەکانی پڕوپاگەندە وەک شتێکی تەبا لەگەڵ حزبە سۆسیال دیموکراتەکان و گاڵتەکردن بەو ڕێگایانە لە ڕۆژنامە ئاشکراکاندا، خیانەتە لە سۆشیالیزم.

## لەبارەی شکستهێنانی "حکومەتەکانیان" لە جەنگی ئیمپریالیدا

ئەوانەی لەم جەنگەی ئێستادا پشتیوانی لە سەرکەوتنی حکومەتەکانیان دەکەن، وەک ئەوانەی بانگەشەی "نە سەرکەوتن نە دۆڕان" دەکەن، هەموویان لەژێر تاکە ناوی سۆسیال شۆڤێنیزمدا کۆدەبنەوە. چونکە لە جەنگی کۆنەپارێزانەدا چینی شۆڕشگێڕیی دەبێت ئارەزووی شکستی حکومەتەکانی بکات. نابێت ئەو چینە پەیوەندی نێوان شکستی جەنگیی حکومەتەکانیان و ئاسانی سەراوژێرکردنی ئەو حکومەتانە لەیاد بکات. ئەوە بۆرژوازییە کە پێیوایە جەنگی نێوان حکومەتەکان تەنها وەک جەنگی نێوان حکومەتەکان کۆتایی دێت، کە پێیوایە ئەو بیرۆکەی دەڵێت سۆشیالیستەکانی سەرجەم وڵاتە شەڕکەرەکان ئارەزووی شکستهێنانی سەرجەم "حکومەتەکانیان" دەکەن شتێکی "پێکەنیناوی" یان "تەمومژاوییە". بەپێچەوانەوە، بەیانکردنی ئەو ئارەزووە لەگەڵ ئەو ئایدیایانەدا دێتەوە کە

بەلای هەر کرێکارێکی هوشیارەوە ئازیزە و سەر بە چوارچێوەی چالاکییەکانمانە کە ئامانج لێیان گۆڕینی شەڕی ئیمپریالیییە بۆ شەڕی ناوخۆ.
بێگومان کاری جدی بەشێک لە سۆشیالیستە ئەڵمانی و ڕوسی و ئینگلیزەکان لەدژی جەنگ "توانای سەربازی ئەو حکومەتانەی لاوازکرد" و کارێکی هەرە باشی سۆشیالیستەکانە. دەبێ ئەوانی دیکەش بۆ جەماوەری ڕوونبکەنەوە کە ئاشتی بەدینایەت بە شۆڕشکردن و ڕوخاندنی "حکومەتەکانیان" نەبێت، ڕوونیشیبکەنەوە کە دەبێ بۆ ئەم مەبەستە سوود لەو ئاستەنگیانە ببینن کە حکومەتەکانیان بەهۆی جەنگی ئێستاوە دووچاری بوون.

## ئاشتیخوازی و دروشمی ئاشتی

دۆخی دەروونی جەماوەر کە ئارەزووی ئاشتی دەکات، گوزارشتە لە سەرەتای ئەو نارەزایەتی و هەڵچوون و هوشیارییەی بەهۆی سروشتی کۆنەپارێزانەی جەنگەوە دروستبووە، کەڵکوەرگرتن لێی ئەرکی هەموو سۆسیال دیموکراتەکانە. چونکە ئەوان بەوپەڕی هێزەوە لە هەموو جوڵانەوە و خۆپیشاندانێکی ئەم گۆڕەپانەدا بەشدارن، بەڵام نابێت گەل بەوە بخڵەتێنن وایلێبکەن پێیوابێت ئاشتی بەبێ بزوتنەوەی شۆڕشگێڕیی و بە داگیرکردنی وڵاتانی دی و چەوساندنەوە و تالانکردنی گەلانی تر و چاندنی تۆوی شەڕی نوێ لەنێوان چینە باڵادەستەکان و حکومەتەکانی ئێستادا بەدیدێت. خڵەتاندنی گەل بەمشێوە، بێگومان، جێبەجێکردنی پلانی دژە شۆڕشە و ئەو شتەیە کە دیپلۆماسیەتی نهێنیی حکومەتە شەڕکەرەکان دەیەوێت. هەرکەسێکیش ئارەزووی ئاشتییەکی دیموکراسیی پتەو دەکات، دەبێت لایەنگری شەڕی ناوخۆ بێت، دژ بە بۆرژوازی و حکومەتەکان.

## لەبارەی مافی چارەی خۆنووسینی گەلانەوە

چەواشەکردنی گەل، کە بۆرژوازی لەم جەنگەدا بەشێوەیەکی فراوان پەیڕەوی لێدەکات، شاردنەوەی ئامانجی تاڵانکردنی گەلانە لەژێر پەردەی بیرۆکەی "ڕزگاریی نیشتمانی"دا. ئینگلیزەکان بەڵێنی ئازادی بە بەلژیکا دەدەن، ئەڵمانیاش بە پۆڵۆنیا... هتد. بەڵام لە ڕاستیدا، وەک بینیمان، ئەم جەنگە جەنگی نێوان چەوسێنەرانی زۆرینەی گەلانی جیهانە لەپێناو پشتیوانیکردن و فراوانکردنی ئەم چەوساندنەوە.
سۆشیالیستەکانیش ناتوانن بە ئامانجە گەورەکەیان بگەن بە خەباتکردن نەبێت لەدژی هەر جۆرە چەوساندنەوەیەکی گەلان. دەبێ دلێرانە داوا لە حزبە سۆسیال دیموکراتەکانی نێو وڵاتە چەوسێنەرەکان بکەن (بەتایبەت دەوڵەتە مەزنەکان) دان بە مافی چارەی خۆنووسینی گەلە چەوساوەکاندا بنێن و بەمانا تەواو سیاسییەکەی بەرگری لەم مافە بکەن، مافی جیابوونەوەی سیاسی. هەر سۆشیالیستێک لە وڵاتێکی ئیمپریالدا بێت، وڵاتێک کە داگیرگەی هەبێت، بەرگری لەم مافە نەکات، شۆڤێنییە.

بەرگریکردن لەم مافە نابێتە هۆی دروستبوونی دەوڵەتی بچوک، بەپێچەوانەوە دەبێتە هۆی ئەوەی لە ئاستێکی فراواندا و بەشێوەیەکی ئازادانەتر و بەبێ ترس دەوڵەتی گەورە و هاوپەیمانی نێوان دەوڵەتان دروست ببێت، کە ئەمەش بۆ جەماوەر باشترە و لەگەڵ پێشکەوتنی ئابووریدا باشتر دەگونجێت.

دەبێ سۆشیاڵیستەکانی گەلە چەوساوەکانیش خەبات لەپێناو یەکڕیزیدا بکەن (بەتایبەت یەکڕیزیی لە ڕێکخستندا) لەنێوان کرێکارانی گەلە چەوساوە و چەوسێنەرەکاندا. بەڵام جیابوونەوەی گەلێک لە گەلێکی تر لە ڕووی [کەم و زۆری] مافەوە (ئەوەی پێی دەوترێت "جیابوونەوەی کولتوریی خۆسەری" کە بۆیەر[1] و رینەر[2] داوای دەکەن) بیرۆکەیەکی کۆنەپارێزانەیە.

ئیمپریالیزم قۆناغی چەوسانەوەی ڕوولەزیادی گەلانی سەرانسەری جیهانە لەلایەن دەستەیەک دەوڵەتی "مەزنەوە"، بۆیە خەباتکردن لەپێناو شۆڕشێکی سۆشیاڵیستیی جیهانی لەدژی ئیمپریالیزم، بەبێ داننان بە مافی چارەی خۆنووسینی گەلان، ئاستەمە. "چونکە ئەو میللەتەی میللەتی دیکە دەچەوسێنێتەوە ئازاد نییە" (مارکس و ئەنگڵس). وەگەر پرۆلیتاریاش بە بچوکترین کردەوە لەو کردەوە دوژمنکارانەی گەلەکەی دژ بە گەلانی تر بەشدار بێت، ناتوانێت سۆشیاڵیست بێت.

## بەشی دووەم
## چین و حزبەکان لە ڕوسیا

### بۆرژوازی و جەنگ

ڕوسیا لە شتێکدا هیچی لە هاوڕێ ئەوروپییەکانی کەمتر نەبووە: ئەویش وەک ئەوان زانی چۆن بە باشی "میللەتەکەی خۆی" چەواشە بکات. ئەوەبوو لە ڕوسیاش دەزگایەکی گەورە و فراوانی مانۆڕ و پڕوپاگەندەی درۆیینە دامەزرا، بۆ گواستنەوەی پەتای شۆڤێنیزم بۆ جەماوەر و قەناعەتپێکردنیان بەوەی حکومەتی قەیسەر خەریکی جەنگێکی "عادیلانەیە" و بێ هیچ مەرامێک بەرگری لە "برا سلاڤییەکانی" دەکات... هتد.

ئیدی چینی گەورە خاوەن زەوییەکان و دەستە باڵاکانی بۆرژوازیی پیشەسازی و بازرگانی بەوپەڕی جۆشوخرۆشەوە پێشوازییان لە سیاسەتە جەنگییەکەی حکومەتی قەیسەر کرد. ئەمانەش، لەبەر چەند هۆکارێکی ئەقڵانی، چاوەڕوانی ئەوەبوون کەڵکی مادی و ئیمتیازاتی گەورەیان لە پشکی میراتی تورکی و نەمسایی دەستکەوێت. بۆیە زۆربەی کۆنگرە لیکرۆژێنەکانیان بۆ ئەو قازانجانە بوون کە لە حاڵەتی سەرکەوتنی سوپای قەیسەریدا دەهاتە

---

[1] Bauer .
[2] Renner .

گیرفانیان. جگەلەوەش کۆنەپارێزەکان باش دەزانن ئەو شتەی ڕوخانی پاشایەتی خێزانی ڕۆمانۆڤ و هەڵگیرسانی شۆڕشێکی نوێ لە ڕوسیا دوادەخات، جەنگێکی دەرەکییە کە تێیدا قەیسەر سەرکەوتن بەدەست بێنێت.

بەڵام توێژە فراوانەکانی وەک بۆرژوازیی شارە "مامناوەندەکان" و ڕۆشنبیرە بۆرژواکان و خاوەن پیشە ئازادەکان و... هتد، ئەوانیش -لانیکەم لە سەرەتای جەنگەوە- تووشی پەتای شۆڤێنیزم بوون. ئەوەبوو کادێت -حزبی لیبراڵ بۆرژوازیی لە ڕوسیا- بەبێ هیچ خۆپارێزییەک هەموو پشتیوانییەکی حکومەتی قەیسەری کرد. لە کاروباری سیاسەتی دەرەکیدا کادێت زۆر لەمێژە حزبێکی حکومییە.

پان-سلاڤیزم، کە سیاسەتی قەیسەری بەهۆیەوە زیاتر لە جارێک گەورەترین فێڵی سیاسیی خۆی جێبەجێکردوە، بۆتە ئایدۆلۆژیای فەرمیی کادێت. لیبراڵیزمی ڕوسی گۆڕیووە بە لیبراڵیزمی نەتەوەیی. لە مەسەلەی "وڵاتپارێزی"شدا لەگەڵ سەدییە ڕەشەکان[1]دا ڕکابەری دەکات، هەمیشەش، لە چاکیی خۆیدا، دەنگ لە بەرژەوەندیی میلیتاریزم دەدات... هتد. لە بلۆکی لیبراڵیی ڕوسیدا، ئەو ڕووداوە دەبینینەوە کە لەنێوانساڵانی ١٨٧٠ بۆ ١٨٨٠ لە ئەڵمانیا ڕوویدا، کاتێک ڕێبازی ئازادیخوازی "بیری ئازادیخوازی" هەڵوەشایەوە و حزبی نەتەوەیی ئازادیخوازی تیا لەدایکبوو. بۆرژوازیی ئازادیخوازیی ڕوسی سەرئەنجام ڕێگای دژایەتی شۆڕشی گرتەبەر. تێڕوانینی حزبی کرێکارانی سۆسیال دیموکراتی ڕۆسییش لەمبارەوە بە تەواوی یەکلایی بۆتەوە. بەڵام تێگەی هەلپەرستەکانمان، کە پێیوایە ڕێبازی ئازادیخوازیی ڕوسی هێشتا هێزی بزوێنەری شۆڕشە لە ڕوسیا، تێگە و تێڕوانینێکە ژیان بەدرۆیدا خستۆتەوە.

گروپی دەستڕۆشتوو، بەهاوکاری ڕۆژنامەوانی بۆرژوازی و ئەکلیرۆس... هتد، توانیان مەیلی شۆڤێنیانە لەلای جوتیارەکانیش دروستکەن. بەڵام بە ئەندازەی گەڕانەوەی سەربازەکان لە گۆڕەپانی قەسابخانەکانەوە، دۆخی دەروونی لە دێهاتەکاندا بە ئاشکرا بەپێچەوانەی بەرژەوەندیی پاشایەتی قەیسەرییەوە دەگۆڕا. ئەو حزبە دیموکراتە بۆرژوازانەش کە پەیوەندیی توندوتۆڵیان لەگەڵ جوتیارەکاندا هەبوو، نەیانتوانی دژ بە شەپۆلی فاشیزم بووەستنەوە. ڕاستە حزبی ترودۆڤیک لە دومای دەوڵەتدا ئامادە نەبوو دەنگ لە بەرژەوەندیی دەرماڵە جەنگییەکان بدات، بەڵام ئەم حزبە لە زاری سەرۆکەکەیەوە "کیرینسکی" لێدوانێکی "نیشتمانی" پێشکەشکرد و تێیدا پشتیوانیی پاشایەتی کرد و سەرجەم ڕۆژنامە ڕێگەپێدراوە "شەعبییەکان"یش ڕێگای لیبراڵەکانیان گرتەبەر. تەنانەت باڵی چەپی دیموکراسی بۆرژوازی، ئەوەی پێی دەوترێت حزبی سۆشیاڵیستی شۆڕشگێڕیی، کە لە نووسینگەی سۆسیاڵ ئەنتەرناسیۆناڵ[2]دا ئەندام بوو، کەوتە نێو هەمان شەپۆلەوە. نوێنەری ئەم حزبە لە نووسینگەی سۆسیاڵ ئەنتەرناسیۆناڵدا، م. ڕۆبانۆڤیچ، سەلماندی کە سۆشیاڵیستێکی شۆڤێنیی ڕاستەقینەیە. نیوەی نوێنەرانی ئەم حزبەش لە کۆنگرەی سۆشیاڵیستەکانی "هاوپەیمانی"[3] لە لەندەن دەنگیان لە بەرژەوەندیی بڕیارە شۆڤێنییەکە دا (نیوەکەی

---

[1] Black Hundreds.

[2] نووسینگەی سۆسیاڵ ئەنتەرناسیۆناڵ: ڕێکخراوێکی جێبەجێکاریی ئەنتەرناسیۆناڵی دووەم بوو، بە پشتبەستن بە بڕیاری کۆنگرەی پاریس (ساڵی ١٩٠٠) دامەزرا. لینین لە ساڵی ١٩٠٥ەوە وەک نوێنەری حزبی کرێکارانی سۆسیال دیموکراتی ڕوسی تێیدا بۆتە ئەندام.

[3] کۆنگرەی لەندەنی سۆشیاڵیستەکانی ولاتانی "هاوپەیمانیی سێ قۆڵی" لە ١٤ی شوباتی ١٩١٥دا بەسترا، نوێنەرانی سۆشیاڵیستە شۆڤێنییەکان و گروپە ئاشتیخوازەکانی نێو حزبە سۆشیاڵیستەکانی ئینگلترا و فەرەنسا و بەلژیکا تێیدا بەشداربوون، مەنشەفیک و سۆشیاڵیستە شۆڕشگێڕییەکانیش وەک لایەنی ڕوسی بەشداربوون. گەرچی بەلشەفیکەکان بانگێشت نەکرابوون، کەچی لیتیڤینۆڤ (ماکسیمۆڤیچ) وەک نێردراوی لینین بەشداربوو. چووە بەردەم کۆنگرە لێدوانی

دیـکەش دەنگیـان نەدا). شـۆڤێنییەکان ڕۆژنـامەوانیی نهێنیـی سۆشـیالیزمی شۆڕشگێڕییشـیان کۆنترۆڵکردبـوو (ڕۆژنامەی نۆڤۆستی[1]... هتد). شۆڕشگێڕەکانی "نێوەندی بۆرژوازی"ـیش، ئەو شۆڕشگێڕانەی هیچ پەیوەندییەکیان بە چینـی کرێکـارەوە نیـیە، لەم جەنـگەدا تووشـی شکسـتێکی گەورە بـوون. چارەنووسـی خەمـاویی کرۆبـۆتکین و ڕۆبانۆڤیچ بەڵگەیەکی بەهێزە لەسەر ئەم شکستە.

## چینی کرێکار و جەنگ

پرۆلیتاریا تاکە چینێکە کەس نەیتوانیووە پەتا و ڤایرۆسی شۆڤێنیزمی لە ڕوسیا بۆ بگوازێتەوە. تەنها نەزانـترین چینـی کرێکار لە سەرەتای جەنگـدا بە هەنـدێ زیـادەڕەوی کـاریگەر بـوون. بەشـداربوونی کرێکـارانیش لە پشـێوویەکانی مۆسکۆدا دژ بە ئەڵمانەکان زێدەگۆییەکی لەڕادەبەدەر بوو. بەگشتی، چینی کرێکاری لە ڕوسیا خۆی لە شۆڤێنیزم بە دوور دەگـرت. ئەمەش بە لێکـدانەوەی دۆخـی شۆڕشـگێڕیی وڵات و بـارودۆخی گشـتیی ژیـانی پرۆلیتاریـا لە ڕوسـیا تەفسیر دەکرێت.

سـاڵانی ١٩١٢-١٩١٤ سـەرەتایەکی نـوێی هەسـتانەوەیەکی شۆڕشـگێڕیی مەزن بـوو لە ڕوسـیا. ئەوەتـا سـەرلەنوێ جوڵانەوەیەکی مەزنی مانگرتن دەبینینەوە، جوڵانەوەیەک پێشتر جیهان بەخۆیەوە نەیدیووە. مـانگرتنی جەمـاوەریی شۆڕشگێڕیی ساڵی ١٩١٣ بەلایەنی کەمەوە ملیۆن و نیوێـک مـانگرتووی لەخـۆگرت. لە سـاڵی ١٩١٤ـشـدا ژمـارەی مانگرتووەکان زیاتربوو لە دوو ملیۆن، ئەم ژمارەش نزیکبوو لە ژمارەی مانگرتووەکانی ساڵی ١٩٠٥. بەر لە جەنگیش ڕووداوەکانی پترسبۆرگ بوونە هۆی هەڵگیرسانی یەکەم شەڕی سەنگەر بە سەنگەری سەر جادەکان.

ئیدی ئەوکات حزبی کرێکارانی سۆسیال دیموکرات لە ڕوسیا، کە حزبێکی بێ مۆڵەت بوو، ئەرکی خۆی بەرامـبەر بە ئەنتەرناسیۆناڵ بەتەواوی بەجێهێنا و دلێرانە ئالای خۆی هەڵکرد. لە مێژیشە حزبەکەمـان لە گۆڕەپـانی ڕێکخسـتندا خۆی لە سەرجەم گروپە هەلپەرستەکان و ئەندامەکانیان دابڕیووە. بۆیە حزبەکەمان هەرگیز بـارگرانیی هەلپەرسـتی و "شەرعییەت بەهەر نرخێـک بێـت" شـوێن خـۆی نەخسـتووە. هەر ئەمەش بـووە هـۆی ئەوەی بەتەواوی بتوانێـت

حزبی کرێکارانی سۆسیال دیموکراتی ڕوسی بخوێنێتەوە کە لەسەر بنەمای پرۆژەیەکی لینین داڕێژرابوو. ئەم لێدوانە داوای لە سۆشیالیستەکان دەکرد چیدی بەشداریی لە حکومەتە بۆرژوازەکاندا نەکەن و دابڕانـی تەواو لەگەڵ ئیمپریالەکاندا ڕابگەیەنن و هاوکارییـان نەکەن، خەبـاتی سەرسـەختانە لەدژی حکـومەتە ئیمپریالەکان بکەن و دەنگ لەبەرژەوەندیی دەرماڵە جەنگییەکان نەدەن و سەرکۆنەی بکەن. کاتێک لیتیڤینۆڤ لێدوانەکەی خوێندەوە قسەکانی پێ بڕدرا و نەهێڵرا قسـەکانی تەواو بکـات. ئەوکـات لیتیڤینـۆڤ لێدوانەکەی لەسـەر دوانـگەکە دانـا و هـۆڵەکەی بەجێهێشـت. (لەمبـارەوە دەتـوانن سـوود لەم وتـارانەی لینـین ببینن: "لەبارەی کۆنگرەی لەندەنوە" و "بەبۆنەی کۆنگرەی لەندەنوە"، کۆبەرهەم، چاپی چوارەم، بەرگی ٢١، لاپەڕە ١١٢-١١٤، ١٥٥-١٥٧).

[1] نۆڤۆستی Novosti (هەواڵەکان): ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانەی حزبی سۆشیالیستی شۆڕشگێڕی بوو، لە ئابی ١٩١٤ـەوە تا ئایار ١٩١٥ لە پاریس لەچاپدرا.

ئەركـی شۆڕشـگێڕیی خـۆی بەجێبێنێـت، وەكچـۆن هـاوڕێ ئیتاڵییەكانیـان پاشـئەوەی لەگەڵ حزبـی بیسـۆلاتیی هەلپەرستدا دابڕان، توانیان ئەركی شۆڕشگێڕیی خۆیان بەجێبێنن.

دۆخی گشتیی وڵاتەكەمان بۆ گەشەكردنی هەلپەرستیی "سۆشیاڵیستی" لەنێو جەماوەری كرێكاریـدا لەبـار نییە. لە ڕوسـیا چەنـدین ڕەنـگ و ئاراسـتەی جیـاوازی هەلپەرسـتی و ڕیفۆرمخـوازی لەنێـو ڕۆشـنبیرەكان و وردە بـۆرژوادا دەبینرێتەوە، بەڵام ئەم هەلپەرستییە تەنها كەمینەیەكی كەمی گروپە كرێكارییە چالاكە سیاسییەكانی داگیركـردوە. جـگەلەوەش گروپـی كرێـكار و بەكـاربەری ئیمتیـازچی لای ئـێمە زۆر لاوازە. فیتشـیزمی شـەرعییەتیش لای ئـێمە نەیتوانیـووە چـاو بە ژیانـدا هەڵبێنێـت. لەكاتێكـدا پاكتاوكراوەكـان[1]یـش (ئەو حـزبە هەلپەرسـتانەی ئەكسـیلرۆد و پۆتریسۆڤ و چیریڤانین و ماسلۆڤ و ئەوانیتر ئاراستەیان دەكەن) لەلای جەمـاوەری كرێكـاریی هـیچ بەهایەكیـان نەبوو. لە دومـای چـوارەمی دەوڵەتیشـدا هەر شـەش نـوێنەرە كرێكـارییەكە لەدژی ڕەوتـی پاكتاوكراوەكـان[2] بـوون. تیراژی ڕۆژنامە كرێكارییە مۆڵەتدارەكانی پترۆگـراد و مۆسـكۆ و كـۆی ئیشـتراكی ڕۆژنامەكـان سـەلماندیان كە چـوار لەسەر پێنجی كرێكارە هوشیارەكان پشتقایمانە لەدژی هەلپەرستی و ڕەوتی پاكتاوكراوەكان وەستانەتەوە.

هەر لە سەرەتای جەنگەوە حكومەتی قەیسەری هەزاران كرێكاری دیاری ئەندامی حزبەكەمان، حزبـی كرێكـارانی سۆسیال دیموكراتی ڕوسیی نهێنی، دەستبەسەر و نەفی كردوە. ئیدی بەهـۆی ئەوە و بەهۆكـاری ڕاگەیانـدنی بـاری نائاسـایی لە وڵاتـدا و قەدەغەكردنـی ڕۆژنامەكانمـان... هتـد، بـزوتنەوەكە دواكەوت. بەڵام حزبەكەمـان چـالاكیی شۆڕشگێڕیی نهێنی خۆی كەمنەكردەوە. ئەوەبوو ئەوكـات لە پتروگـراد كـۆمیتەی حزبەكەمـان ڕۆژنـامەیەكی نهێنـی دەركرد بەناوی پرۆلیتارسكی گۆلۆس[3].

وتارەكـانی ڕۆژنـامەی سۆسـیال دیمـوكرات[4]، كە ڕۆژنـامەی زمانحـاڵی حـزبە و لە دەرەوە دەردەچێـت، لە پتروگـراد لەچاپدرانەوە و نێردران بۆ شارۆچكەكان. هەرئەوكات بڵاوكراوەی نهێنییش دەردەچوو كە تەنـانەت لەنێـو سـەربازگە

---

[1] . Liquidators

[2] . liquidationism

[3] پرۆلیتارسكی گۆلۆس Protetarsky Golos (دەنگی پرۆلیتار): ڕۆژنامەیەكی نهێنیی كۆمیتەی حزبی سۆسیال دیموكراتی ڕوسی بوو لە پترسبۆرگ. لە شوباتی ١٩١٥ تا كانوونی یەكەمی ١٩١٦ چوار ژمارەی لێ بڵاوبووەوە. لە ژمارەی یەكەمدا بەیاننامەی لیژنەی مەركەزیی حزبی كرێكارانی سۆسیال دیموكراتی ڕوسی لەژێر ئەم ناونیشانەدا بڵاوبووەوە: "جەنگ و سۆسیال دیموكراتی ڕوسی".

[4] سۆسیال دیموكرات: ڕۆژنامەیەكی نهێنی زمانحاڵی حزبی كرێكارانی سۆسیال دیموكراتی ڕوسی بوو، لەنێوان شوباتی ١٩٠٨ و كانوونی دووەمی ١٩١٧ چاپ و بڵاوبوویەوە. ٥٨ ژمارەی لێ دەرچوو كە یەكەمیان لە ڕوسیا بڵاوبووەوە. پاشان گوازرایەوە بۆ وڵاتە بیانییەكان، سەرەتا بۆ پاریس و پاشان بۆ ژنێڤ. دەستەی نووسەرانی ئەم ڕۆژنامەیە بەپێی بڕیارێكی كۆمیتەی حزبی سۆسیال دیموكراتی ڕوسی -بەلشەفیك و مەنشەفیك- و حزبی سۆسیال دیموكراتی پۆڵۆنی دامەزرا.

ڕۆژنامەی سۆسیال دیموكرات زیاتر لە هەشتا وتار و كۆمێنتی لینینی بڵاوكردۆتەوە، لینین لە ڕێگەی ڕۆژنامەی سۆسیال دیموكراتەوە خەباتی لەپێناو ئاراستەیەكی بەلشەفی ڕاستەقینەدا كردوە. بەڵام بەشێك لە دەستەی نووسەران (كامینیڤ و زینۆفیڤ) دەیانویست لەگەڵ پاكتاوكراوەكاندا ڕێكەون و سووربوون لەسەر ڕێگەگرتن لە جێبەجێكردنی ئاراستەكەی لینین. مارتۆڤ و دانی مەنشەفیش كە دوو ئەندامی دەستەی نووسەران بوون، جگە لە تێكدانی ئەم ڕۆژنامە سەرەكییە، بە ڕاشكاوی لە ڕۆژنامە لاوەكییەكەی خۆیاندا بەرگرییان لە ڕەوتی پاكتاوكراوەكان دەكرد: گۆلۆس سۆسیال دیموكرات (دەنگی سۆسیال دیموكرات).

خەباتی بێوچانی لینین لەدژی پاكتاوكراوەكان بووەهۆی وازهێنانی مارتۆڤ و دانی (حوزەیرانی ١٩١١) لە دەستەی نووسەرانی ڕۆژنامەی سۆسیال دیموكرات. ئیدی لە كانوونی دووەمی ١٩١١ەوە سۆسیال دیموكرات لەلایەن لینینەوە سەرنووسەرایەتی دەكرا. ئەم ڕۆژنامە زنجیرەیەك وتاری ستالینیشی بڵاوكردۆتەوە:

سەربازییەکانیشدا بڵاودەکرایەوە. جگەلەوەش کۆبوونەوەی کرێکاریی نهێنی لە دوورەدەستترین ناوچەی شاردا گرێدەدرا. لە ڕۆژانی دواییشدا لە پتروگراد مانگرتنێکی فراوان لەلایەن کرێکارە کانزاکارەکانەوە بەڕێوەچوو. بۆ پشتیوانیکردنی ئەم مانگرتنەش کۆمیتەی حزبەکەمان لە پتروگراد بانگەوازی زۆری ئاراستەی کرێکاران کرد.

## شەقبوونی حزبی کرێکارانی سۆسیال دیموکراتی ڕوسی لە دومای دەوڵەت و جەنگ

لە ساڵی ١٩١٣ـدا شەقبوونێک کەوتە نێوان نوێنەرە سۆسیال دیموکراتەکانی دومای دەوڵەتەوە. بەرەیەکیان حەوت لایەنگری هەلپەرستی بوون بە سەرۆکایەتی چیخدزی کە نوێنەری حەوت ناوچەی ناپرۆلیتار بوون، چونکە ئەو ناوچانە ٢١٤٠٠٠ کرێکاریان تێدابوو. بەرەکەی دیکە شەش نوێنەر بوون کە هەموویان سەر بە ناوچەی کرێکاری بوون و نوێنەرایەتییان لە پیشەسازیترین ناوچەی ڕوسیا دەکرد کە ١،٠٠٨،٠٠٠ کرێکاری تێدابوو.
تەوەری ناکۆکییەکان ئەوەبوو چ تاکتیکێک بگیرێتەبەر: تاکتیکی مارکسیی شۆڕشگێڕیی یان تاکتیکی چاکسازیی هەلپەرستی. لەڕووی پراکتیکیشەوە ناکۆکییەکان زیاتر لەبارەی پرسی کاری نێو جەماوەر لە دەرەوەی پەرلەمان دەرکەوتن، کارێک کە لە ڕوسیا دەبوو بە نهێنی بکرێت ئەگەر بکەرەکانی خوازیاربان بە شۆڕشگێڕ بمێننەوە. ئەوەبوو بەرەی چیخدزی وەک هاوپەیمانێکی دڵسۆزی پاکتاوکراوەکان مانەوە کە کاری نهێنییان ڕەتدەکردەوە. لە سەرجەم ئەو گفتوگۆیانەی لەگەڵ کرێکاراندا دەکران و لە سەرجەم کۆبوونەوەکاندا بەرگرییان لێ دەکردن. لێرەوە ئینشیقاق دروستبوو. بەرەی حزبی کرێکارانی سۆسیال دیموکراتی ڕوسییش شەش نوێنەر بوون. ساڵێک کارکردنیش سەلماندی کە زۆرینەی هەرە زۆری کرێکارە ڕوسیەکان ڕوویان لەم بەرەیە کردوە.
لە سەرەتای جەنگدا ناکۆکییەکە بە ڕوونی دەرکەوت. بەرەی چیخدزی تەنها کاری پەرلەمانییان هەڵبژارد، بەڵام دەنگی بە دەرماڵە جەنگییەکان نەدا. خۆ ئەگەر پێچەوانەی ئەمەی بکردایە گەردەلوولێک نەفرەتی کرێکاری بەسەر خۆیدا دەباراند. (شایانی باسە ترودۆڤیکییە وردە بۆرژواکانیش لە ڕوسیا دەنگیان لە بەرژەوەندیی دەرماڵە جەنگییەکان نەدا). بەڵام ئەم بەرەیە [بەرەکەی چیخدزی] هیچ کارێکیان لەدژی سۆشیالیستە شۆڤێنییەکان ئەنجام نەدا.
بەڵام بەرەی حزبی کرێکارانی سۆسیال دیموکراتی ڕوسی کە گوزارشتی لە ئاراستەی سیاسیی حزبەکەمان دەکرد، بە شێوازێکی دیکە هەڵسوکەوتی کرد. ئاڵای نارەزایی دژ بە جەنگی بردە قووڵایی چینی کرێکارەوە و پرسی ئیمپریالیزمی لەنێو جەماوەری فراوانی پرۆلیتارە ڕوسیەکاندا بڵاوکردەوە.

---

"نامەکان لە قەفقاسەوە"، "نامەی کرێکارانی پترسبۆرگ بۆ نێردەی کرێکاری"، "هەڵبژاردنەکانی پترسبۆرگ" و چەندینی تر. (بۆ زانیاری زیاتر ئەم سەرجاوە ببینە: جۆزێف ستالین، کۆبەرهەم، بەرگی ٢، ساڵی ١٩٤٦، لاپەرە ١٧٤-١٩٦، ٢٥٠-٢٥٢، ٢٧١-٢٨٤).

ئەم بەرە جێی سۆزی ڕاستگۆیانەی کرێکاران بوو، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی حکومەت بترسێت و بە ئاشکرا یاساکانی خۆی پێشێلکات و نوێنەرەکانی هاوڕێمان دەستگیربکات و حوکمی نەفیی هەتاهەتایی لە سیبیریا بەسەریاندا بدات. ئەوکات حکومەتی قەیسەری ئاگادارییەکی فەرمی لەبارەی دەستگیرکردنی هاوڕێیانمانەوە بڵاوکردەوە و تێیدا وتی:

"هەندێک ئەندامی کۆمەڵە سۆسیال دیموکراتەکان، کە ئامانجیان تێکدانی هێزی سەربازییە لە ڕوسیا، لە ڕێگەی بڵاوکراوەی نهێنی و پڕوپاگەندەی وتارییەوە بارگرژییان لەدژی جەنگ ناوەتەوە، ئەم ئەندامانە و ئەو ڕەوشە دۆخێکی زۆر تایبەتن".

تەنها حزبەکەمان و کۆمیتەی مەرکەزیی حزبەکەمان وەڵامێکی پێچەوانەی بانگەوازە ناودارەکەی ڤاندەرڤێلدی دایەوە کە دەیویست "بەشێوەیەکی کاتی" خەبات لەدژی قەیسەری ڕابگرێت -وەک ئەوەی ئێستاش لە بەڵگەنامەکانی میر کۆداشیڤەوە دەردەکەوێت کە قەیسەر بۆ بەلژیکای نارد، ڤاندەرڤێلد بە تەنها خۆی ئەم بانگەوازەی دانەناوە بەڵکو لەگەڵ ئەم نێردەی قەیسەردا دایناوە- لەولاشەوە سەرکردایەتی پاکتاوکراوە ئاراستەکراوەکان بە ڕێکەوتن لەگەڵ ڤاندەرڤێلددا، لەڕێگەی ڕۆژنامەکانەوە ڕایگەیاند "ئەو لە چالاکییەکانیدا لەدژی جەنگ ناوەستێتەوە".

ئەوەبوو حکومەتی ڕوسی نوێنەرەکانی هاوڕێمانیان بەوە تۆمەتبار کرد جۆرە پڕوپاگەندەیەک لەنێو کرێکاراندا بڵاودەکەنەوە بەدەم بانگەوازەکەی ڤاندەرڤێلدەوە ناچن و وەڵامی پێچەوانەی دەدەنەوە.

لەکاتی دادگاییەکەدا، نوێنەری گشتیی قەیسەری، نینارۆ کۆمۆڤ، نموونەی سۆشیالیستە ئەڵمانی و فەرەنسییەکانی بۆ هاوڕێکانمان هێنایەوە و وتی: "سۆسیال دیموکراتە ئەڵمانییەکان لە بەرژەوەندیی دەرماڵە جەنگییەکان دەنگیان دا و ڕاستگۆیی خۆیان بۆ حکومەت نیشاندا. سۆسیال دیموکراتە ئەڵمانییەکان ئاوا دەکەن و سوارچاکە سۆسیال دیموکراتە ڕوسییە بێفەڕەکانیش شتێکی دیکە دەکەن... سەرجەم سۆشیالیستەکانی فەرەنسا و بەلژیکا وەک یەک پیاو ناکۆکییەکانیان لەگەڵ چینەکانی دیکەدا لەبیرکرد، ناکۆکییە حزبییەکانیان لەبیرکرد و بێ دوودڵی شوێن فیگەرەکانیان کەوتن" لەکاتێکدا بەرەی حزبی کرێکارانی سۆسیال دیموکراتی ڕوسی لە سایەی ئاراستەی کۆمیتەی مەرکەزیی حزبەوە ڕەفتارێکی دیکە دەکات...

ئەم دادگاییە نیشانمان دەدات کە چۆن حزبەکەمان لەنێو جەماوەری پرۆلیتاریادا کردەوەی هاندانی نهێنیی فراوانی لەدژی جەنگ کردوە. ئەگەرچی ئەم دادگاییە قەیسەرییە هەرگیز نەیتوانی تەواوی چالاکی هاوڕێکانمان لەم مەیدانەدا "دەربخات" بەڵام هێندەی دەرکەوت بەسە بۆ زانینی ئەندازەی فراوانی تێکۆشانیان لەماوەیەکی کەمی چەند مانگەدا.

لەسەروەختی دادگاییەکەدا گروپ و لیژنەکانمان لەپێناو تاکتیکێکی ئەنتەرناسیۆناڵدا چەندین بانگەوازیان خوێندەوە. چەندین تۆڕ لەئارادابوون کە کرێکارە هوشیارەکانیان لە سەرانسەری ڕوسیادا بە ئەندامەکانی بەرەی حزبی کرێکارانی سۆسیال دیموکراتی ڕوسییەوە دەبەستەوە، کە ئەوانیش هەموو هەوڵێکیان دەدا بە پێی ئامرازی خۆیان یارمەتیان بدەن بۆ تێگەیشتن لە جەنگ لە دیدی مارکسیزمەوە.

هاوڕێ مورانۆڤ نوێنەری کرێکارانی ناوچەی خارکۆڤ لە قەفەسی دادگاییدا وتی:

"لەبەرئەوەی پێموابوو گەل بۆ ئەوە منی نەناردوە بۆ دومای دەوڵەت تەنها لەسەر کورسی نوێنەرایەتی دانیشم، بۆیە دەچوومە کانتۆنەکان تا لە دۆخی دەروونی چینی کرێکار تێبگەم". لەبەردەم دادگادا دانی بەوەشدا نا کە لە کردەوە هاندەر و نهێنییەکانی حزبەکەماندا بەشداربووە و لە ئۆراڵ لیژنەی کرێکاری بۆ کارگەی ڤیرخنیسئیتسکی و چەندین کارگەی تر پێکهێناوە. دادگاییەکە ئەوەشی دەرخست کە ئەندامانی بەرەی حزبی کرێکارانی سۆسیال دیموکراتی ڕوسی هەر لە سەرەتای جەنگەوە لە سەرتاسەری ڕوسیادا گەڕاون و پڕوپاگەندەیان کردوە، مورانۆڤ و پیترۆڤیسکی و بادالییڤ و چەندانی تر ژمارەیەکی زۆر کۆبوونەوەیان ڕێکخستووە کە تێیدا چەندین بڕیاری دژ بە جەنگ دراوە... هتد.

حکومەتی قەیسەریی دڕندە هەڕەشەی سێدارەی لێکردن، ئەمەش بووەهۆی ئەوەی یەکێک لە ئەندامەکان کە وەک هاوڕێ مورانۆڤ ئازا و دلێر نەبوو چۆکدابدات، ئیدی هەوڵیاندا نەهێڵن دادوەرەکان حوکمەکە بخوێننەوە. سۆشیالیستە شۆڤێنییە ڕوسەکانیش بێئابڕوانە ئەمەیان بەکارهێنا بۆ شێواندنی کرۆکی مەسەلەکە: ئەو پەرلەمانتاریزمەی چینی کرێکار پێویستی پێیەتی.

پەرلەمانتاریزممان لە ڕێگەی "سۆدیکۆم" و "هێین" و "سیمبات" و "ڤالیان" و "بیسۆلاتی" و "مۆسۆلینی" و "چیخدزی" و "پلیخانۆڤ"ـەوە ناسیووە، وەکچۆن لە ڕێگەی هاوڕێکانمان ئەندامانی بەرەی حزبی کرێکارانی سۆسیال دیموکراتی ڕوسی و هاوڕێ بوڵگاری و ئیتالییەکانەوە کە خۆیان لە شۆڤێنییەکان دابڕی، ناسیووە. بەڵام دوو جۆر پەرلەمانتاریزم هەیە. هەندێ کەس بۆئەوە بڵندگۆی نوێنەرایەتی بەکاردەبات لەبەرچاو حکومەتەکەیدا خۆی دەربخات، یان وەک بەرەی چیخدزی لە بەرپرسیارێتی ڕابکات. هەندێکی دیکەش پەرلەمانتاریزم بۆ ئەوە بەکاردەبەن تا کۆتایی شۆڕشگێڕ بن و لە هەر بارودۆخێکدا بێت ئەرکی خۆیان وەک سۆشیالیست و ئەنتەرناسیۆنالیست بەجێبێنن. کاری پەرلەمانی هەندێ کەس بە کورسی وەزاری دەگەیەنێت، هەندێکی دیکەش بە زیندان و مەنفا و گرتووخانە. هەندێکیان خزمەتی بۆرژوازی دەکەن و هەندێکیان خزمەتی پرۆلیتاریا، هەندێکیان سۆشیالیستی-ئیمریالیین و هەندێکی دیکەیان مارکسی-شۆڕشگێڕیین.

## بەشی سێیەم

## دووبارە پێکهێنانەوەی ئەنتەرناسیۆناڵ

**چۆن ئەنتەرناسیۆناڵ پێکبێنینەوە؟ دەبێ پێشی ئەوە باس لەوە بکەین چۆن پێکینەهێنینەوە.**

**شێوازی سۆشیالیستە شۆڤێنییەکان و "میانڕەوەکان"**

سۆشیالیسته شۆڤێنییەکان لە تەواوی وڵاتاندا چەندە "ئەنتەرناسیۆنالیستی" گەورەن! هەر لە سەرەتای جەنگەوە گرنگیدانیان بە ئەنتەرناسیۆناڵ سەرشانی قورس کردون. ئەوان لەلایەک دەڵێن ئەو دەنگۆی لەبارەی شکستی ئەنتەرناسیۆناڵەوە دروستبوو موبالەغەی تیاکراوە. لە ڕاستیدا شتێکی نائاسایی ڕوویندا. بزانن کاوتسکی چی دەڵێت: ئەنتەرناسیۆناڵ "ئامرازێکە بۆ کاتی ئاشتی"، بۆیە ئاساییە ئەم ئامرازە لەکاتی جەنگدا هەرگیز نەگاتە ئاستی ڕووداوەکان. لەلایەکی دیکەوە سۆشیالیستە شۆڤێنییەکان لە تەواوی وڵاتاندا ڕێگەیەکی ئاسانیان دۆزیوەتەوە -ئەنتەرناسیۆنالی زیادەپێوەنراو- بۆ دەربازبوون لەو دۆخە. ئەمەش ڕێگەیەکی ئاڵۆز نییە: تەنیا دەبێ چاوەڕوانی کۆتایی جەنگ بکەین؛ تا ئەو دەمەی جەنگ کۆتایی دێت سۆشیالیستی هەر وڵاتێک بۆی هەیە بەرگری لە "نیشتمانی خۆی" بکات و پشتیوانی "حکومەتەکەی خۆی" بکات. ئیدی هەرکات جەنگ کۆتایی هات "لەیەکتر خۆشدەبن" و بۆ هەموان دەردەکەوێت ڕاستیان کردوە و هەموومان وەک برا لە ئاشتیدا دەژین، لەکاتێکدا لە سەروەختی جەنگدا، بەپشتبەستن بە هەندێک بڕیار، داوامان لە کرێکارە ئەڵمانەکان دەکرد برا فەرنسییەکانیان بکوژن و داوامان لە کرێکارە فەرەنسییەکان دەکرد برا ئەڵمانەکانیان بکوژن.
لەسەر ئەم خاڵە کاوتسکی و پلیخانۆڤ و ڤیکتۆر ئەدلەر و هێین کۆبوونەوە. ڤیکتۆر ئەدلەر دەنووسێت: "کاتێک ئەم قۆناغە سەختە تەواو دەبێت، یەکەم شت دەبێت ڕێگری لە شەڕە قسە بکەین". کاوتسکییش دووپاتیکردەوە کە "تائێستا لە هیچ لایەکەوە گوێمان لە دەنگێکی سۆشیالیستی ڕاستەقینە نەبووە چاوەڕوانی ترسی لێ بکرێت" لەسەر چارەنووسی ئەنتەرناسیۆناڵ. پلیخانۆڤیش وتی "قبووڵمان نییە دەست بخرێتە دەست (سۆسیال دیموکراتە ئەڵمانەکانەوە) کە دەستیان سووره بە خوێنی کوژراوە بێتاوانەکان". بەڵام هەر لە جێدا "دەستی خستە ناو دەستیان" کاتێک وتی: "کاتی ئەوە هاتووە دڵمان تەسلیمی ئاگاییەکی ساغ و سەلیم بکەین. ئەنتەرناسۆناڵیش دەبێت، بەو پێگە مەزنەی کە هەیەتی، حسابی پەشیمانیی دوایی بکات". ئەوجا هێین لە گۆڤاری "سوزیالیسچ مۆناشیڤ"[1]دا ڕەفتاری ڤاندەرڤێلدی بە ڕەفتارێکی "بوێر و نەبەرد" وەسفکرد و وەک نموونەیەکی باڵای چەپە ئەڵمانییەکان تەماشای کرد.
بەکورتی دەڵێین: کاتێک جەنگ تەواو دەبێت ئەنجومەنێک لە کاوتسکی و پلیخانۆڤ و ڤاندەرڤێلد و ئەدلەر پێکبێنن، یەکسەر "بەکۆی دەنگ" بڕیار لەسەر بڵاوکردنەوەی ڕۆحیەتی لێخۆشبوون دەدەن. خۆشبەختانە مقۆمقۆکانیش کەمدەبێتەوە. چونکە لەبری ئەوەی هاوکاری کرێکاران بکەن لەوەی بە ڕوونی بزانن چی ڕوویدا، بە "یەکگرتنێکی" ساختە و سەر کاغەز دەیانخڵەتێنن. ئەم یەکگرتنەی سۆشیالیستە شۆڤێنییەکان و ڕیاکارەکانی سەرانسەری دونیاش ناودەنرێت دووبارە پێکهێنانەوەی ئەنتەرناسیۆناڵ.
ئێمە ناتوانین ئەم شتە لە خۆمان بشارینەوە: مەترسییەکی وەک "دووبارە پێکهێنانەوە" مەترسییەکی زۆر گەورەیە، بەرژەوەندیی سۆشیالیستە شۆڤێنییەکانی تەواوی وڵاتانی تێدایە. چونکە هیچ کام لەمانە حەز ناکەن جەماوەری

[1] گۆڤاری سۆسیالیسچ مۆناشیڤ Sozialistische Monatshefte (دەستنووسە سۆشیالیستیەکان): گۆڤاری زمانحاڵی هەلپەرستە سۆسیال دیموکراتە ئەڵمانیەکانە و یەکێکە لە گۆڤارە هەلپەرستەکانی ئەنتەرناسیۆناڵ. لە سەروەختی جەنگی ئیمپریالیی جیهانیدا (١٩١٤-١٩١٨) هەڵوێستی سۆشیالیستە شۆڤێنییەکانی گرتەبەر. لە ساڵی ١٨٩٧ەوە تا ساڵی ١٩٣٣ لە بەرلین دەرچووە.

کرێکـاریی وڵاتەکانیـان چاویـان بکەوێـتە سـەر ئەم پرسـیارە: یـان سۆشـیاڵیزم یـان ناسـیۆنالیزم؟ هەموویشـیان بەرژەوەندییان هەیە لەوەی تاوانەکانیـان لە یەکـتر بشـارنەوە. هـیچ کامێکیشـیان نـاتوانن شـتێکی دیـکەی جیـاواز لەوەی کاوتسکیی لێزان لە ڕیایی "ئەنتەرناسیۆناڵدا" پێشکەشی دەکات، پێشکەش بکەن.
لەگەڵ ئەوەشدا کەس بایەخ بەم مەترسییە نادات. لە ساڵانی جەنگیشدا چەندین هەوڵمان بینـی بـۆ نـوێکردنەوەی پەیوەندییە نێونەتەوەییەکان. هەڵبەت مەبەستمان لە کۆنگرەی لەندەن و ڤییەنا نییە کە تێیدا شۆڤێنییە ناسراوەکان بۆ هاوکاریکردنی دەستەی ئەرکـانی گشـتیی "وڵاتەکانیـان" و بۆرژوازیەتەکانیـان کۆبـوونەوە. بگـرە مەبەسـتمان لە کۆنگرەی لۆگانۆ و کۆپنهاگن و کۆنگرەی ژنانی ئەنتەرناسیۆناڵ و کۆنگرەی لاوانـی ئەنتەرناسـیۆناڵە. لەم کـۆنگرانەدا نیازپـــاکییەکی بـــاش دەرکەوت. بەڵام ئاماژەیـــان بە مەترســـییە تێبینیکراوەکـــان نەدا. شـــەڕی نێـــوان ئەنتەرناسـیۆناڵەکانیان ڕانەگـرت و ئەو مەترسییەیان نەخسـتە پێشـچاوی پرۆلیتاریـا کە بەهـۆی شـێوازی سۆسـیال شۆڤێنیزم لە "دووبارە پێکهێنانەوەی" ئەنتەرناسیۆناڵدا هەڕەشەی لەسەری دروسـتدەکات. تەنهـا بڕیـارە کۆنەکانیـان لەئەستۆگرتەوە، بێئەوەی کرێکاران لەوە ئاگادار بکەن کە بەبێ خەباتکردن لە دژی سۆسیال شـۆڤێنیزم مەسـەلەی سۆشیاڵیزم مەسەلەیەکی بێچارەیە، واتە تەنها لە شوێنی خۆیدا سوڕایەوە.

## دۆخی ئۆپۆزسیۆن

بێگومـان دۆخـی ئۆپۆزسـیۆنی سۆسـیال دیمـوکراتی ئەڵمانـی بەلای سـەرجەم ئەنتەرناسیۆناڵیسـتەکانەوە گرنگـی و بایەخێکی گەورەی هەیە. چونکە حزبـی سۆسـیال دیمـوکراتی ئەڵمانیـی ڕاگەیەنـراو، کە بەهێزتـرین حـزب بـوو، لە ئەنتەرناسـیۆناڵی دووەمیشـدا حزبێکـی دەستڕۆشـتوو بـوو، گـورزێکی بەهێـزی لە سـەرجەم ڕێکخـراوە کرێکـارییە ئەنتەرناسیۆناڵەکان دا. لەگەڵ ئەوەشدا ئۆپۆزسـیۆن لە سۆسـیال دیمـوکراتی ئەڵمانیـدا بەهێزتـر بـووە. لە سۆسـیال دیموکراتی ئەڵمانیدا، جیاواز لە سەرجەم حزبە ئەوروپییـە گەورەکـان، ئەو هاوڕێیـانەی کە وەک دڵسـۆزێکی ئـاڵای سۆشـیاڵیزم مـابوونەوە، یەکەمـین کەس بـوون نـاڕەزایەتییەکی بەهێزیـان دەربـڕی. دڵخۆشـبووین کاتێـک هەردوو گۆڤاری لیخترالین[1] و دای ئەنتەرناسـیۆناڵ[2]مـان خوێنـدەوە. زۆرتـریش دڵخـۆش بـووین کاتێـک زانـیمان دروشـمی شۆڕشـگێڕیی نهێنـی لەنـاو ئەڵمانیـادا بڵاوبـۆتەوە، دروشـمگەلێکی وەک: "دوژمـنە سـەرەکییەکە لەنـاو خـودی وڵاتەکەتاندایە". ئەمەش دەیسەلمێنێت کە ڕۆحـی سۆشیاڵیسـتی لەنـاو کرێکـارە ئەڵمانییەکانـدا زینـدوە و هێشـتا لە ئەڵمانیا خەڵکانێک هەن بەرگری لە مارکسیزمی شۆڕشگێڕی بکەن.

[1] لیخترالین Lichtstrahlen (تیشکی ڕوناکی): گۆڤارێکی مانگانەی بەرەی سۆسیال دیموکراتی چەپی ئەڵمانی بوو (سۆسیال ئەنتەرناسیۆناڵە ئەڵمانییەکان). لەژێر سەرپەرشتی ج.برۆکارد و لە ماوەیەکی پچڕپچڕی نێوان ساڵانی ١٩١٣–١٩٢١ لە بەرلین دەردەچوو.
[2] دای ئەنتەرناسیۆناڵ Die Internationale: گۆڤارێکە ڕۆزا لۆکسمبۆرگ و فرانز میهرنج دایانمەزراند. تەنها یەک ژمارەی لێ دەرچووە لە نیسانی ١٩١٥ لە بەرلین، پاشان لە ساڵی ١٩٢٢دا لە میونخ چاپ و پەخشی "فۆتۆرۆس" ئەو ژمارە لەچاپ دەداتەوە.

لێکجیاوازترین فۆرمی شـەقبوونی سۆشیالیزمی مـۆدێرن لە سۆسـیال دیمـوکراتی ئەڵمانیـدا وەدەرکەوت. چـونکە لە سۆسیال دیموکراتی ئەڵمانیدا بەئاشکرا سێ مەیل [هێڵ] بەدیدەکرێت: هەلپەرستیی شۆڤێنی کە لە هیچ شـوێنێکدا هێندەی ئەڵمانیا نەگەشتووە بەم ڕادە لە هیچوپووچی؛ "میانڕەوی" کاوتسکی کە تەواو کڵۆڵ و بێدەسـەڵاتە و هـیچ ڕۆڵێک نابینێت ئەوە نەبێت بۆتە خزمەتکارێکی گوێڕایەڵی هەلپەرستەکان؛ [هێڵی سـێیەمیش بـریتییە لە] چەپ کە نوێنەرایەتی لە یەکگرتوویی سۆسیال دیموکراتەکانی ئەڵمانیا دەکات.
ئەوەی لە هەموو شتێک زیاتر بەلای ئێمەوە گـرنگە دۆخـی نـاوەوەی چەپـی ئەڵمانیـیە. چـونکە هـاوڕێگەلێکی تیـا دەبینینەوە هیوای هەموو ئەندامە شۆڕشگێڕییەکانن.
کەواتە با بزانین دۆخی ئەوان چۆنە؟
گۆڤاری دای ئەنتەرناسیۆناڵ بە تەواوی ڕاسـتی وت کاتێـک وتـی هەمـوو شـتێک لە چەپـی ئەڵمانیـدا لە گـۆڕان و گواستنەوەدایە، تەکەتـولی گەورە لەنێویـدا ڕوودەدات، هەنـدێک ئەنـدامیان تیـایە سـوورن لە خەبـات و هەنـدێکی تریان کەمتەرخەم.
بێگومان ئێمەی ئەنتەرناسیۆناڵیسـتی ڕوس، هەرگیـز بانگەشـەی ئەوە نـاکەین بۆمـان هەیە تەداخـول لە کاروبـاری ناوخۆی هاوڕێکانمان ئەندامانی چەپی ئەڵمانی بکەین. چـونکە دەزانـین ئەوان تەنهـا خۆیـان دەسـەڵاتی ئەوەیـان هەیە، بە ڕەچاوکردنی بارودۆخی کـاتی و شـوێنیی خۆیـان، شـێوازی خەباتکردنیـان لەدژی هەلپەرسـتی دیـاریکەن. بەڵام پێمانوایە کە ماف و ئەرکی خۆمانە تەنها بۆچوونی خۆمان لەوبارەوە بدەین.
ئێمە بڕوامان وایە سەرنووسەر و پەخشکاری گۆڤاری دای ئەنتەرناسـیۆناڵ پێکـاویەتی کاتێـک دەڵێـت "میـانڕەوی" کاوتسکی زیاتر لە سۆسیال شۆڤێنیزمی ڕاشکاو زیانی بە مارکسیزم گەیانـدووە. چـونکە شـاردنەوەی ناکۆکییەکـان و ئەو پەروەردەی کاوتسکیزم لە کەوڵی مارکسیزمدا دەرخواردی کرێکاری دەدات بێهۆشکردنی کرێکارە، جگەلەوەش لە شوێنکەوتەکانی سۆدیکۆم و هێین زیانبەخشـترن، چـونکە ئەوان مەسـەلەکە دەخەنە بەردەم کرێکـار و بە ڕوونـی نیشانیان دەدەن.
خەباتکردن لەدژی "سەرکردەکان[1]"، کە کاوتسکی لافی پێوە لێدەدات، نابێت کەسی پێ بخڵەتێت. چونکە ناکۆکی نێوان ئەوان و شوێنکەوتەکانی شیدمان لەسەر بنەماکان نین. هەندێ کەس پێیوایە هنـدنبرگ و ماکنسـن دەمـێکە بەزیـون و ئێسـتا دەتوانرێـت لەدژی دانەدەم و خستنەسـەر نـاڕەزایی دەربـبڕدرێـت، هەنـدێکی دیـکەش پێیـانوایە هندنبرگ و ماکنسن هێشتا نەبەزیون و دەبێت "تا کۆتایی بەردەوام بن".
کاوتسکیزم تەنها خەباتی ڕووکەشی لەدژی "سەرکردەکان" کردوە، ئەویش بۆ شـاردنەوەی نـاکۆکییە بنەڕەتییەکـانی پاش جەنگ لە بەرچاوی کرێکاران و تێپەڕاندنی مەسەلەکە بە یەک بڕیار، لەپاش هەزاران بڕیـاری هەناسـەکورتی چەپی تارماوی کە دیبلۆماسیەکانی ئەنتەرناسیۆناڵی دووەم تێیدا شارەزان.
ئێمە باش دەزانین ئۆپۆزسیۆنی ئەڵمانی، لە خەباتی سەختیدا لە دژی "سەرکردەکان"، دەبێـت سـوود لەم خەبـاتەی کاوتسکی ببینێت کە لەسەر هیچ بنەمایەک دانەمەزراوە. دەبێت هەڵوێستی نەرێنی لەمەڕ کاوتسکیزمی نـوێ خـاڵی

---

1 سەرە فەرمییەکان official bodies.

یەکلاکەرەوەی هەمیشەیی هەموو ئەنتەرناسیۆنالیستێک بێت. چونکە ئەنتەرناسیۆنالیستی ڕاستەقینە ئەو کەسەیە لە دژی کاوتسکیزم دەجەنگێت و دەزانێت "میانڕەوی"، تەنانەت پاش ئەو گواستنەوەی بانگەشەی بۆ دەکرێت، هێشتا لە دیدگای بنەماکانەوە هاوپەیمانی هەلپەرستیی شۆڤێنییە.

هەڵوێستمان لەمەڕ ئەندامە دوودڵەکانی نێو ئەنتەرناسیۆناڵ، خۆی لەخۆیدا ئەنتەرناسیۆنالێکی گەورەیە. ئەم ئەندامانە -بەتایبەت سۆشیالیستە ئاشتیخوازەکان- لە وڵاتە بێلایەنەکان و وڵاتە شەڕکەرەکانیشدا هەن (وەک حزبی کرێکارانی سەربەخۆ[1] لە ئینگلترا). دەکرێ ئەم ئەندامانە هاوڕێگای ئێمە بن. نزیکبوونەوەی نێوان ئێمە و ئەوان لەدژی سۆشیالیستە شۆڤێنییەکان شتێکە هەر دەبێ ببێت. بەڵام دەبێ لەیادمان نەچێت تەنها هاوڕێگامانن، چونکە لە بنەڕەتدا و لەپاش پێکهێنانەوەی ئەنتەرناسیۆناڵ لەگەڵمان نابن و لەدژمان دەبن، شوێنپێی کاوتسکی و شیدمان و ڤاندەرڤێلد و سیمبات دەکەون. لە بڕیارە نێونەتەوەییەکانیشدا ناتوانین بەرنامەکانمان ملکەچ و ژێرباری ئەو شتانە بکەین کە بەلای ئەم ئەندامانەوە پەسەندە. ئەگەر وانەکەین خۆمان دەبینە دیلی ئاشتیخوازە دوودڵەکان. لە کۆنگرەی ژنانی ئەنتەرناسیۆناڵ لە بێرن هەر ئەمە ڕوویدا. چونکە نێردەی ئەڵمانی کە هاوپشتی بۆچوونەکەی هاوڕێ "کلارازیتکن"-یان کرد، لە ڕووی پراکتیکییەوە لەم کۆنگرەیەدا ڕۆڵی "میانڕەویان" بینی. ئەوەبوو کۆنگرەی ژنان تەنها بڕیاری لەسەر ئەو شتانە دا کە بەلای نێردەکانی حزبی تۆیلستەری هۆڵەندیی هەلپەرست و نێردەکانی حزبی کرێکارانی سەربەخۆ پەسەندبوو، ئەو حزبە کرێکارییە سەربەخۆی -کە نابێت لەیادمان بچێت- لە کۆنگرەی شۆڤێنییەکانی "وڵاتە هاوپەیمانەکاندا" لە لەندەن دەنگی خستەپاڵ بڕیارەکەی ڤاندەرڤێلدەوە. ئێمە ڕێزێکی زۆر لە خەباتی قارەمانانەی حزبی کرێکارانی سەربەخۆ دەگرین کە لە سەروەختی جەنگدا دژ بە حکومەتی ئینگلیزی تێکۆشا، بەڵام دەزانین ئەم حزبە نە پەیڕەوی لە مارکسیزم کردوە نە پەیڕەوی لە مارکسیزم دەکات. بۆیە ئێمە پێمانوایە لە ئێستادا ئەرکی سەرەکیی سەر شانی ئۆپۆزسیۆنی سۆسیال دیموکرات ئەوەیە ئاڵای مارکسیزمی شۆڕشگێڕیی هەڵگرین و دلێرانە و بە وردی تێڕوانیمان لەمەڕ جەنگە ئیمپریالییەکان بۆ کرێکاران ڕوونبکەینەوە، دروشمی کاری جەماوەری شۆڕشگێڕیی لەئەستۆگرین، واتە لە سەردەمی جەنگی ئیمپریالییەوە پێ بنێینە سەردەمی جەنگی ناوخۆ.

ئەندامانی سۆسیال دیموکراتی شۆڕشگێڕیی، سەرباری هەموو شتێک، لە چەندین وڵاتدا بوونیان هەیە. ئەوان لە ئەڵمانیا و ڕوسیا و سکاندینافیا (ئاراستە بەهێزەکەی هاوڕێ هۆگڵاند) هەن، لە وڵاتانی بەلقان (حزبی تیسنیاکیە[2]

---

[1] حزبی کرێکارانی سەربەخۆی ئینگلیزی:ساڵی ١٨٩٣ بە سەرکردایەتی "جێمس کیر-هاردی" و "ڕامزی ماکدۆناڵد" دامەزرا. لە سەروەختی جەنگی ئیمپریالیی جیهانیدا (١٩١٤-١٩١٨) بەیاننامەیەکی لەدژی جەنگ دەرکرد (١٣ ئابی ١٩١٤). پاشتر لە شوباتی ١٩١٥ـدا و لە کۆنگرەی سۆشیالیستەکانی وڵاتە هاوپەیمانەکان لە لەندەن، لەو بڕیارە سۆشیالیستییە شۆڤێنییەی کۆنگرە پەسەندی کرد، بەشداربوو. ئیدی لەو کاتەوە سەربەخۆکان لەپشتی دەستەواژەی ئاشتیخوازانەوە خۆیان دەشارنەوە و هەڵوێستێکی سۆسیال شۆڤێنی دەنوێنن. دواتر پاشئەوەی لە ساڵی ١٩١٩ـدا ئەنتەرناسیۆناڵی کۆمۆنیستی دامەزرا، لەژێر گوشاری جەماوەری حزبدا کە ڕووەو چەپبوون دەڕۆشت، سەرکردەکانی حزبی کرێکارانی سەربەخۆ بڕیاریاندا لە ئەنتەرناسیۆناڵی دووەم دەربچن. لەساڵی ١٩٢١ـدا سەربەخۆکان چوونە ئەنتەرناسیۆناڵی "دوو و نیو"ـەوە. دواتر پاش هەڵوەشانەوەی ئەم ئەنتەرناسیۆناڵە چوونەوە ڕیزی ئەنتەرناسیۆناڵی دووەم.

[2] تیسنیاکیەکان Tesnyaki: لایەنگرانی حزبی کرێکارانی سۆسیال دیموکراتی شۆڕشگێڕیی لە بولگاریا لە ساڵی ١٩٠٣ و لەپاش شەقبوونی حزبی سۆسیال دیموکرات دامەزرا. "د. بلاگۆییڤ" سەرۆک و دامەزرێنەری حزبی "تیسنیاک" بوو. پاشتر قوتابییەکانی بلاگۆییڤ، "ج. دیمیتریڤ" و "ف. کۆلارۆڤ" و ئەوانیتر بوونە سەرکردەی ئەو حزبە. لە ١٩١٤-١٩١٨ تیسنیاکەکان دژ بە جەنگی ئیمپریالی ڕاپەڕین. لە ١٩١٩شدا لە

بوڵگارییەکان) و لە ئیتاڵیا و ئینگلترا (باڵێکی حزبی سۆشیاڵیستی بەریتانی) و لە فەرەنسا (ڤالیان خۆی لە هومـانتیٚ[1] دانـی بەوەدا نـا نـامەی نـاڕەزایی لە ئەنتەرناسـیۆناڵەکانەوە بۆهـاتووە، لەگەڵ ئەوەشـدا هیچیـانی بە تەواوی بـڵاو نەکردەوە) و لە هۆڵەندا تریبونیەکان[2]... هتد. بیرهێنانەوەی سەرجەم ئەم ئەنـدامە مارکسـیانە -گەرچـی لەسـەرەتاوە کەمـیش بـن- ئەو بەڵێنـانەی کە ئێسـتا سۆشـیاڵیزمی شـەرعیەتچی لەیادیـان دەکـات، بانگێشـتکردنی کرێکـارانی سەرجەم وڵاتان بۆ دابڕان لەگەڵ شۆڤێنییەکان و چوونە ژێر ئاڵای کۆنی مارکسـیزم، ئەمـانە ئەو شـتانەن کە ئەمـڕۆ گرنگن. هەتا ئێستا مشتومڕ و بەرنامە بەناو "پراکتیکیەکان"، کەمتازۆر، جگەلە جاڕدانی بەرنامەی ئاشتیانەی سـادە هیچی دیکە نەبوون. مارکسیزم ڕێبازی ئاشتی نییە. چونکە خەباتکردن لەپێناو بەپەلە ڕاگرتنی جەنگ شتێکە دەبـێ ببێـت. چـونکە تەنهـا ئەو کـاتەی داوای خەبـاتی شۆڕشـگێڕیی دەکەیـن داوای "ئاشـتی" مانـایەکی پرۆلیتـاری وەردەگرێت. بەبێ زنجیرەیەک شۆڕش ئاشتیی بەنـاو دیمـوکراتی هـیچ نـیە جگەلە وەهمێـک لە وەهمەکـانی وردە بۆرژوا. بەرنامەی مارکسی بەرنامەی کاری ڕاستەقینەیە، چونکە وەڵامێکی ڕوون و تەواو لەبارەی ئەوەی چی ڕوویدا پێشـکەش بە جەمـاوەر دەکـات، وەڵامێـک پێمانـدەڵێت ئیمپریـالیزم چیـیە و دەبێـت چـۆن لەدژی بجەنگێـین، بەئاشـکراش پێمانـدەڵێت شکسـتهێنانی ئەنتەرناسـیۆناڵی دووەم بەهـۆی هەلپەرسـتییەوە بـووە و داوامـان لێـدەکات ڕاشکاوانە ئەنتەرناسیۆناڵێکی مارکسیی خاڵی لە هەلپەرسـتەکان و لەدژی هەلپەرستەکان پێکبێنـین. ئەو بەرنـامەی گوزارشت لەوە دەکات ئێمە متمانەمان بەخۆمان و بە مارکسیزم هەیە و خەباتی پاکتاوکردن لەدژی هەلپەرسـتەکان بەرپـا دەکەیـن، تـاکە بەرنـامەیەکە کە درەنـگ یـان زوو سـۆزی ڕاسـتەقینەی جەمـاوەری پرۆلیتـاری بەلامانـدا ڕادەکێشێت.

### حزبی سۆسیال دیموکرات لە ڕوسیا و ئەنتەرناسیۆناڵی سێیەم

حزبی سۆسیال دیموکراتی ڕوسی لەمێژە هەلپەرستی لەناوبردوە. ئێسـتا هەلپەرسـتە ڕوسـیەکان شـۆڤێنییەکان نـین. ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی هەموومان پێمانوابێت ئەو لەناوبردنە بۆ بەرژەوەندی سۆشـیاڵیزم زەرور بـووە و بڕوامـانوایە

ئەنتەرناسـیۆناڵی کۆمۆنیسـتیدا بەشـداربوون و حزبی کۆمۆنیسـتیی بولگارییـان دامەزراند کە دواتـر بـوو بە حزبی کرێکـارانی (کۆمۆنیسـتی) بولگاریا.

[1] هومانتیٚ L'Humanité: ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانەی زمانحاڵی حزبی سۆشیاڵیستیی فەرەنسی بوو، ژان ژۆریس لەساڵی ١٩٠٤دا دایمەزراند. لە سەروەختی جەنگی ئیمپریالیی جیهانیدا پشتیوانی لە باڵی ئەوپەڕی ڕاسترەوی حزبی سۆشیاڵیستیی فەرەنسی کرد و هەڵوێستێکی سۆسیال شۆڤێنی گرتەبەر، تا ئەو کاتەی مارسێل کاشان ئەرکی ئیدارەدانی گرتەدەست. پاش شەقبوونی حزبی سۆشیاڵیستی لە کۆنگرەی تۆر (کانوونی یەکەمی ١٩٢٠) و دامەزرانی حزبی کۆمۆنیستی فەرەنسی، ڕۆژنامەکە بوو بە زمانحاڵی ئەو حزبە.

[2] تریبونیەکـان Tribunists: گروپێکـی چەپـی حزبـی کرێکـارانی سۆسـیال دیمـوکراتی هۆڵەنـدی بـوو کە لەسـاڵی ١٩٠٧ەوە ڕۆژنـامەی (تریبون)یان دەردەچاند. لەساڵی ١٩٠٩دا تریبونیەکان لە حزبی کرێکارانی سۆسیال دیموکراتی هۆڵەندی دەرکران. تریبونیەکان وەک حزبێکی شۆڕشگێڕیی ڕاستەقینە هەژمار نەدەکران بەڵام باڵی چەپی بزوتنەوەی کرێکاریی بوون لە هۆڵەندا. لەساڵی ١٩١٨دا حزبی کۆمۆنیستیی هۆڵەندییان دامەزراند. لەساڵی ١٩٠٩وە تریبون ڕۆژنامەی زمانحاڵی حزبی سۆسیال دیموکراتی هۆڵەندی بوو، بەڵام لەساڵی ١٩١٨ بەدواوە بوو بە زمانحاڵی حزبی کۆمۆنیستی. ڕۆژنامەکە لەماوەی ساڵانی ١٩٣٠–١٩٤٠دا لەژێر ناوی "ڤۆلکسداغ بلاد" (ڕۆژنامەی گەل)دا بڵاوبوویەوە.

ناکۆکییەکانی ئێستای نێوان سۆسیال دیموکراتەکان و سۆسیال شۆڤێنیەکان کەمتر نییە لە ناکۆکییەکانی نێوان سۆشیالیستەکان و ئەنارشیستەکان ئەو دەمەی سۆسیال دیموکراتەکان لەوانیتر جیابوونەوە. مۆنتیرۆی هەلپەرست لە پروسیچ جاربوچەر[1]دا پێکاویەتی کە دەڵێت، ئەم یەکێتییەی ئێستا بۆ هەلپەرستەکان و بۆرژوازییش بەسوودە، چونکە چەپ ناچار دەکات ملکەچی شۆڤێنییەکان بن و ناهێڵێت کرێکارەکان لەکاتی مشتومڕەکاندا بە ڕوونی شتەکان ببینن و حزبێکی کرێکاری و سۆشیالیستی ڕاستەقینە بدۆزنەوە. ئێمە بڕوای تەواومان بەوەیە کە لەناوبردنی هەلپەرستەکان و شۆڤێنییەکان لە بارودۆخی ئێستادا یەکەمین ئەرکی شۆڕشگێڕیی سەر شانمانە، وەکچۆن دەربازبوون لە ڕەنگ زەرد و دژەسامیزم و یەکێتییە کرێکارییە لیبراڵەکان... هتد، زۆر زەرور بوو بۆ پەلەکردن لە ڕۆشنبیرکردنی کرێکارە پاشکەوتووەکان و هێنانیانە نێو ڕیزەکانی حزبی سۆسیال دیموکراتەوە.

ئێمە پێمانوایە ئەنتەرناسیۆنالی سێیەم دەبێت ڕێک لەسەر ئەم بنەما شۆڕشگێڕییە دابمەزرێت. مەسەلەکە بەلای حزبەکەشمانەوە ئەوە نییە کە ئیدی لە سۆشیالیستە شۆڤێنییەکان دەربازمان دەبێت. چونکە ئەم مەسەلە بۆ ئێمە بە تەواوی کۆتایی هاتووە، بگرە مەسەلەکە زانینی ئەوەیە تا چەند دەتوانرێت بەمزوانە لە ئاستێکی جیهانیدا ئەم کارە بکرێت.

ڕوونیشە دامەزراندنی ڕێکخراوێکی مارکسیی جیهانی پێویستی بە ئیرادەیەکی پتەوە بۆ دامەزراندنی حزبی مارکسی سەربەخۆ لە سەرجەم وڵاتەکاندا. بۆنموونە ئەڵمانیا کە وڵاتی کۆنترین و بەهێزترین بزوتنەوەی کرێکارییە، گرنگییەکی یەجگار زۆری هەیە. ئایندەی نزیک نیشانماندەدات کە ئاخۆ بارودۆخ لەبارە بۆ دامەزراندنی ئەنتەرناسیۆناڵێکی نوێی مارکسی. وەگەر ئەو دۆخە لەباربێت، حزبەکەمان بەخۆشحاڵییەوە لەم ئەنتەرناسیۆناڵە سێیەمەدا بەشدار دەبێت، پاشئەوەی خۆی لە هەلپەرستی و شۆڤێنیزم پاکتاو دەکات. وەگەر دۆخەکە لەبار نەبێت، ئەوە مانای وایە پرۆسەی پاکتاوکردنەکە پێویستی بە کاری دیکەی درێژخایەن یان کەمخایەن هەیە. لەسەر ئەم بنەمایەش حزبەکەمان ئۆپۆزسیۆنێکی فراوان لەنێو ئەنتەرناسیۆنالی ئێستادا دروست دەکات، تا ئەو دەمەی لە سەرجەم وڵاتاندا بنکەیەک بۆ یەکێتییەکی کرێکاری دروست دەبێت پەیڕەوی لە مارکسیزمی شۆڕشگێڕیی بکات.

ئێمە نازانین، نایشتوانین بزانین چۆن لە چەند ساڵی داهاتوودا لەسەر ئاستی جیهانی پێشکەوتن بەدیدێت. بەڵام ئەوەی بەدڵنیاییەوە دەیزانین و بەتەواوی بڕوامان پێیەتی ئەوەیە حزبەکەمان لە وڵاتەکەماندا و لە هەناوی چینی پرۆلیتاریماندا بێوچان بەم ئاراستەیەدا کاردەکات و بە چالاکییە ڕۆژانەییەکانی بەشێکی ڕوسی لە ئەنتەرناسیۆنالی مارکسی دروست دەکات.

لە ڕوسیاش سۆشیالیستی شۆڤێنی ڕاستەقینە و بەرەی "میانڕەو" هەن. ئەمانەش لە دژی دامەزراندنی ئەنتەرناسیۆناڵێکی مارکسی شەڕ دەکەن. ئێمە دەزانین پلیخانۆڤ هەمان بنەماکانی سۆدیکۆم پەیڕەو دەکات و هەر

[1] پروسیچ جاربوچەر Preussische Jahrbücher (مانگنامەی پروسی): گۆڤارێکی مانگانەی موحافزکارانە بوو، زمانحاڵی سەرمایەداری و گەورە خاوەن زەوییەکان بوو. لەماوەی نێوان ۱۸۵۸ تا ۱۹۳۵ لە بەرلین دەردەچوو.

لە ئێستاوە دەستی بۆ درێژ دەکات. دەشزانین ئەوەی پێی دەوترێت "لیژنەی ڕێکخستن"[1] کە ئەکسیلرۆد سەرکردایەتی دەکات، لەسەر خاکی ڕوسیا پەروەردەی کاوتسکیزم بڵاودەکاتەوە. ئەمانە لەژێر پەردەی یەکێتیی چینی کرێکاردا، بەرێگەی خۆیان بانگەشە بۆ یەکێتیی لەگەڵ هەلپەرستەکان و بۆرژوازیدا دەکەن. بەڵام هەموو ئەوەی لەبارەی بزوتنەوەی کرێکاریی هاوچەرخەوە دەیزانین، دڵنیامان دەکات کە پرۆلیتاریای هوشیار لە ڕوسیا، لە ئایندەشدا وەک ڕابردوو لەگەڵ حزبەکەماندا دەمێنێتەوە.

## بەشی چوارەم
## مێژووی شەقبوون و دۆخی سۆسیال دیموکراتی
## ڕوسی لە کاتی ئێستادا

تاکتیکی جەنگیی حزبی کرێکارانی سۆسیال دیموکراتی ڕوسی، کە لە لاپەڕەکانی پێشوودا خستمانەڕوو، دەرئەنجامێکی حەتمیی پێشکەوتنێکی سی ساڵەی سۆسیال دیموکراتی ڕوسییە. بەبێ خستنەڕووی مێژووی حزبەکەشمان، تێگەیشتن لەم تاکتیکە و لە دۆخی ئێستای سۆسیال دیموکراتی وڵاتەکەمان بەشێوەیەکی دروست، کارێکی زەحمەتە. بۆیە ئەرکە لەسەرمان ڕووداوە سەرەکییەکانی ئەم مێژووە بە خوێنەر ئاشناکەین.
سۆسیال دیموکرات وەک ئایدۆلۆژیا لە ساڵی ١٨٨٣دا دەرکەوت، کاتێک بۆ یەکەمینجار و بەشێوەیەکی سیستەماتیکی لە دەرەوەی وڵات، گروپی "ڕزگاریی هێزی کار"[2] تێگەکانی سۆسیال دیموکراتیان لە چوارچێوەی ڕوسیادا خستەڕوو. هەتا نزیکی ساڵی ١٨٩٠ وەک ڕەوتێکی فیکری مایەوە و هیچ پەیوەندییەکی نەبوو بە بزوتنەوەی کرێکاریی جەماوەرییەوە لە ڕوسیا. لەدوای ١٨٩٠ پێشڕەویی کۆمەڵایەتی و بارگرژیی کرێکاران و بزوتنەوەی مانگرتنەکەیان، سۆسیال دیموکراتی کردە هێزێکی سیاسیی چالاک و پەیوەندیدار بە خەباتی چینی کرێکارەوە (هەم لە ڕووی ئابووری و هەم لە ڕووی سیاسییەوە). ئیدی لەو کاتەوە سۆسیال دیموکرات بوو بە دوو بەشەوە: "ئابووریخوازەکان" و "گروپی ئیسکرا".

### "ئابووریخوازەکان" و "ئیسکرا"ی کۆن
### (١٨٩٤-١٩٠٣)

---

[1] بنکەی سەرکردایەتی مەنشەفیک، لە ساڵی ١٩١٢دا دامەزرا، لە کۆنگرەی ئابی مەنشەفیکە پاکتاوکراوەکان و سەرجەم ئەو حزبانەی مەیلێکی دوژمنکارانەیان بەرامبەر بە حزبی کرێکارانی سۆسیال دیموکراتی ڕوسی هەبوو، هەتا هەڵبژاردنی لیژنەی مەرکەزیی حزبی مەنشەفیک لە ئابی ١٩١٧دا لە کارەکانی بەردەوام بوو.

[2] ڕزگاریی هێزی کار Emancipation of Labour: یەکەم گروپی مارکسییە "ج. پلیخانۆڤ" ساڵی ١٨٨٣ لە ژنێڤ دایمەزراند. ئەم گروپە کاری زۆری لەپێناو بڵاوکردنەوەی مارکسیزم لە ڕوسیا کردوە. بۆ زانیاری زیاتر لەبارەی چالاکییەکان و ڕۆڵی مێژوویی ئەم گروپە، بەشی یەکەمی "مێژووی حزبی کۆمۆنیستی (بەلشەفیک) لە یەکێتی سۆڤێتدا" بخوێننەوە.

"ئابووریخوازی" ڕەوتێکی هەلپەرستی سۆشیالیزمی ڕوسی بوو. هۆکاری بوونیان لە ڕووی سیاسییەوە لەبەر ئەم بەرنامەیە بوو: "خەباتی ئابووری بۆ کرێکارەکان، خەباتی سیاسییش بۆ ئازادەکان". بنەمای تیۆریی سەرەکییان ئەو شتە بوو کە پێی دەوترا "مارکسیزمی شەرعی" یان "ستۆرڤیزم" کە دانی بە جۆرە مارکسیزمێکدا دەنا لە ڕۆحی شۆڕشگێریی داماڵرابێت و لەگەڵ پێداویستییە لیبراڵییەکانی بۆرژوازیدا گونجاو بێت. بەهۆی پشتبەستنیان بە دۆخی پاشکەوتووی باوی جەماوەری کرێکاریی ڕوسی و ئارەزووکردنیان بۆ "ڕێکردن لەگەڵ جەماوەر"، ئابوریخوازەکان ئەرکی خۆیان و کاری فراوانی بزوتنەوەی کرێکارییشیان لە خەباتی ئابووری و پشتیوانیی سیاسی لیبراڵیزمدا کورتکردەوە، بێئەوەی هیچ ئەرکێکی سیاسیی سەربەخۆ و هیچ ئەرکێکی شۆڕگێڕیی بۆ خۆیان دیاری بکەن.
بەڵام "ئیسکرا"[1]ی کۆن بەناوی پرنسیپەکانی سۆسیال دیموکراتی شۆڕشگێڕییەوە خەباتێکی سەرکەوتووی دژ بە "ئابووریخوازەکان" ئەنجامدا. هەرچی نوخبەی پرۆلیتاریای هوشیاریش هەیە چوونە ڕیزی ئیسکراوە. چەند ساڵێک بەر لە شۆڕشیش سۆسیال دیموکرات بەرنامەیەکی دروست و دوور لە مساوەمەی دانا. ئەم بەرنامەیە لە سەروەختی شۆڕشی ١٩٠٥ـدا پشتیوانی لە خەباتی چینەکان و ئەکتی جەماوەری کرد. ئابووریخوازەکانیش شوێن جەماوەر کەوتن. ئیسکرا پێشڕەوێکی کرێکاریی بوو کە دەیتوانی پێشەوایەتی جەماوەر بکات و بەرەو پێشەوەیان ببات. پاساوەکانی ئێستای سۆسیال شۆڤێنیزمیش (لەبارەی زەرورەتی پشتبەستنی جەماوەر بە سروشتی پێشکەوتووخوازانەی ئیمپریالیزم و "وەهمی" شۆڕشگێڕەکان و... هتد) پێشتر هەموویان لەلایەن ئابووریخوازەکانەوە دانراوە. سۆسیال دیموکراتی ڕوسی بەر لە بیست ساڵ بەلاڕێدابردنی هەلپەرستانەی مارکسیزمی ناسیووە، بەلاڕێدابردنێک کە "سترۆڤیزم" پەیڕەوی لێدەکرد.

## مەنشەفیک و بەلشەفیک
## ١٩٠٣-١٩٠٨

سەردەمی شۆڕشی دیموکراسیی بۆرژوازی خەباتێکی نوێی لە نێو ئاراستەکانی نێو هەناوی سۆسیال دیموکراتدا دروستکرد، ئەم خەباتەش درێژکراوەی ڕاستەوخۆی خەباتی یەکەم بوو. ئەوەبوو ڕێبازی ئابووریخوازی بوو بە "مەنشەفیک"، لەکاتێکدا بەرگری ئیسکرای کۆن لە تاکتیکی شۆڕشگێڕیی بووەهۆی سەرهەڵدانی "بەلشەفیک".
لە ماوەی گەردەلوولئامێزی نێوان ١٩٠٥ و ١٩٠٧ـدا مەنشەفیک وەک ڕەوتێکی هەلپەرستی دەردەکەوت کە بۆرژوازیی لیبراڵ پشتیوانی لێدەکرد و کاری لەسەر ئەوە دەکرد ئارەزووی بۆرژوازیی لیبراڵی دزە پێبکاتە نێو بزوتنەوەی کرێکارییەوە. کرۆکی مەنشەفیک وایکرد خەباتی چینی کرێکار لەگەڵ ڕێبازی لیبراڵیدا بگونجێت. بەڵام

[1] ئیسکرا Iskra: یەکەمین ڕۆژنامەی مارکسیی نهێنیی سەرانسەری ڕوسیایە، لە ساڵی ١٩٠٠ـدا لینین دەریچاند. لەپاش کۆنگرەی دووەمی حزبی کرێکارانی سۆسیال دیموکراتی ڕوسی بوو بە ڕۆژنامەی زمانحاڵی حزب. مەبەستی لینین لە ئیسکرای کۆن ژمارەکانی یەک تا پەنجا و یەکە، لە ژمارە پەنجاو یەکەوە ئیسکرا دەبێتە ڕۆژنامەی باڵی مەنشەفیک.

بەلشەفیک بەپێچەوانەوە، سەرباری دوودڵی و ناپاکیی لایەنگرانی ڕێبازی لیبراڵی، ئەرکی بزواندنی بزوتنەوەی جوتیاریی دیموکراسی و هاندانیان بۆ خەباتی شۆڕشگێڕیی خستە ئەستۆی کرێکارە سۆسیال دیموکراتەکانەوە. جەماوەریی کرێکارییش، کە مەنشەفیک خۆی ئەمەی باش دەزانی، لەسەروەختی شۆڕشدا لە سەرجەم جوڵانەوە گرنگەکاندا شوێنپێی بەلشەفیک کەوتن.
شۆڕشی ١٩٠٥ ڕاستی و دروستی تاکتیکی نەبەرد و شۆڕشگێڕانەی سۆسیال دیموکراتی لە ڕوسیا سەلماند و پشتیوانیکرد و قووڵیکردەوە و بەهێزتریکرد. کاری ئاشکرای چین و حزبەکانیش چەندین جار پەیوەندیی نێوان هەلپەرستیی سۆسیال دیموکراتی (مەنشەفیک) و گروپی لیبراڵدا نیشاندا.

## مارکسیزم و ڕەوتی پاکتاوکراوەکان
## ١٩١٤-١٩٠٨

ماوەی بەرهەڵستکردنی شۆڕش، لە فۆرمێکی تەواو نوێدا، مەسەلەی گرتنەبەری یەکێک لەم تاکتیکانەی خستەوە بەر لێکۆڵینەوە: تاکتیکی هەلپەرستی یان تاکتیکی سۆسیال دیموکراتی شۆڕشگێڕیی. ئەوەبوو ڕەوتی سەرەکیی مەنشەفیک، سەرباری نارەزایی ژمارەیەک لە باشترین نوێنەرەکانیان، سەرهەڵدانی ڕەوتی پاکتاوکراوەکانی لێکەوتەوە، واتە وازهێنان لە خەباتکردن بۆ شۆڕشێکی نوێ لە ڕوسیا و دەستبەرداربوون لە ڕێکخستن و کاری نهێنی و گاڵتەکردن بە کاری نهێنی و دروشمی کۆماری. سەرئەنجام لە نێو گروپی ئەدەبیی ڕاگەیەنراوی گۆڤاری ناشازاریاوە (پۆتریسۆڤ و چیریڤانین... هتد) ناوکی حزبی سۆسیال دیموکراتی کۆنی سەربەخۆ دروستبوو، ناوکێک کە بۆرژوازیی لیبراڵی لە ڕوسیا، بە ئامانجی دوورخستنەوەی کرێکاران لە خەباتی شۆڕشگێڕیی، بە هەزاران ڕێگا بەدەوریدا دەهات و ستایش و پشتیوانی دەکرد.
ئەم گروپە هەلپەرستە لە کۆنگرەی[1] کانوونی دووەمی ١٩١٢ـی حزبی کرێکارانی سۆسیال دیموکراتی ڕوسیدا دەرکرا، لەو کۆنگرەی کە سەرباری نارەزایی شێتانەی هەندێک تاقم و بەرەی دەرەکی، حزب سەرلەنوێ پێکهێنرایەوە. لەماوەی زیاتر لە دوو ساڵدا (لە سەرەتای ١٩١٢ـەوە تا کۆتایی ١٩١٤) خەبات و ململانێ لەنێوان دوو حزبە سۆسیال دیموکراتەکەدا تەواو توندبوو: کۆمیتەی مەرکەزیی هەڵبژێردراو لە کانوونی دووەمی ١٩١٢، "لیژنەی ڕێکخستن" کە دانی بە کۆنگرەی کانوونی دووەمدا نەدەنا و دەیویست بەشێوەیەکی دیکە دووبارە کۆنگرە ببەسترێتەوە و لەگەڵ گروپی ناشازاریادا بە یەکگرتوویی بمێنێتەوە. شەڕێکی گەرمیش لەنێوان دوو ڕۆژنامە

[1] کۆنگرەی شەشەمی نیشتمانیی حزب کە لە براگ لە ١٨ تا ٣٠ کانوونی دووەمی ١٩١٢ گرێدرا. لەم کۆنگرەدا سەرجەم ڕێکخراوە بەلشەفییەکان کۆبوونەوە و حزبی بەلشەفیک سەربەخۆیی خۆی ڕاگەیاند. مەنشەفیک بە بڕیارێکی ئەم کۆنگرە دەرکرا و کۆتایی بە یەکێتیی ڕواڵەتیانەی نێوان بەلشەفیک و مەنشەفیک هێنرا. کۆنگرەی براگ بوو بە دەستپێکی ژیانی جۆرێکی نوێی حزب. (مێژووی حزبی کۆمۆنیستی (بەلشەفیکی) لە یەکێتی سۆڤێتدا، لا: ١٥١-١٥٩، چاپی فەرەنسی).

کرێکـارییە ڕۆژانەیـیەکە (پراڤـدا[1] و لـوچ[2]) و لقەکانیـان و هەردوو بەرەی سۆسـیال دیمـوکرات لە دومـای چـوارەمی دەوڵەتدا دروستبوو ("بەرەی حزبی کرێکارانی سۆسیال دیمـوکراتی ڕوسـی"، واتە براڤـدیەکان یـان مارکسـییەکان، لەگەڵ "بەرەی سۆسیال دیموکراتە پاکتاوکراوەکان" کە چیخدزی سەرکردایەتی دەکردن).

لەبەرئەوەی براڤدییەکان بەرگرییان لە وەفادارییی بۆ پرنسیپە شۆڕشگێڕییەکانی حزب دەکرد و پاڵپشتییان لە ژیـانەوە و گەڕانەوەی بزوتنەوەی شۆڕشگێڕیی دەکرد (بەتایبەت پاش بەهاری ١٩١٢)، لەبەرئەوەی کاری ڕێکخستنی نهێنی و ئاشکرا و ڕۆژنامەگەری و ئەکتی هاندانیان پێکەوە گرێدابوو، زۆرینەی ڕەهای چینی کرێکاری هوشیار لە دەوریان کۆدەبوویەوە، لەکاتێکدا پاکتاوکراوەکان، کە تەنها گروپـی ناشـازاریا وەک بزوتنەوەیەکـی سیاسـی کاریـان دەکـرد، هەموو پشتئەستوورییەکیان بە ئەندامەکانی بۆرژوازیی لیبراڵی بوو.

بەرئەنجامی ئیشتراکی [کرینـی] ئاشـکرای ڕۆژنامەکـانی هەردوو حـزبەکە لەلایەن گـروپە کرێکارییەکـانەوە، وەک شێوازێکی ئیشتراکی شیاو لەگەڵ بارودۆخی ڕوسیی ئەو سەردەمە (تاکە شێوازێکی ڕێگەپێدراو کە هەموان ئـازادانە چاودێرییان دەکرد)، شێوازێک کە سۆسیال دیموکرات پیـادەی دەکـرد، بە ڕوونـی سـەرچاوەی پرۆلیتـارانەی هێـز و هەژمـوونی براڤـدییە "مارکسـیەکان" دووپـاتکردەوە، سـەرچاوەیەک کە لەلای پاکتاوکراوەکـان (و لیـژنەی ڕێکخسـتنیان) بـۆرژوازیی لیبراڵـی بـوو. ئەمەش هەنـدێک داتـای کـورتە لەبـارەی ئەم ئیشـتراکانەوە کە لە کتێبـی مارکسیزم و ڕەوتی پاکتاوکراوەکان"ـدا بڵاوبۆتەوە و لە ڕۆژنامەی "لایپزیگ فولکزایتۆنگ"[3]ـی سۆسـیال دیمـوکراتی ئەڵمانیدا بە کورتی بڵاوکراوەتەوە.

ئەمەی خـوارەوە ژمـارەی ئیشـتراکەکان و بـڕی ئەو پـارەیە کە دراوە بە ڕۆژنـامە ڕۆژانەییەکـانی مارکسـییەکان (پراڤدایەکان) و پاکتاوکراوەکان لە پترسبۆرگ، لە یەکی کانوونی دووەمەوە تا سیانزەی مایسی ١٩١٤:

| | براڤدیەکان | | پاکتاوکراوەکان | |
|---|---|---|---|---|
| | ژمـــــارەی ئیشتراکەکان | کـــۆی پـاره بە ڕوبڵ | ژمـــــارەی ئیشتراکەکان | کـۆی پـــارە بە ڕوبڵ |
| لەلایەن گـــروپە کرێکارییەکانەوە | ٢٨٧٣ | ١٨٩٤٤ | ٦٧١ | ٥٢٩٦ |

1 پراڤدا Pravda (ڕاستی): ڕۆژنامەیەکی بەلشـەفی ڕۆژانەیی مۆڵەتدار بـوو لە پترسـبۆرگ دەردەچـوو، بە پێشـنیاری لینین و دەستپێشخەری ستالین لە ساڵی ١٩١٢دا دامەزرا.

2 لـوچ Luch: ڕۆژنـامەیەکی ڕۆژانەی مۆڵەتـداری مەنشـەفیک بـوو، لەمـاوەی نێـوان ئەیـلولی ١٩١٢ و تەمـوزی ١٩١٣ـدا لە پترسبۆرگ دەردەچوو. وەک لینین دەڵێت لەسەر گیرفانی "هەندێک هاوڕێی دەوڵەمەندی بۆرژوا" دەردەچوو.

3 Leipzig People's: ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانەی باڵی چەپی سۆسیال دیموکراتی ئەڵمانی بوو، لەنێوان ساڵانی ١٨٩٤-١٩٣٣ دەردەچوو. فرانز میهرینگ و ڕۆزا لۆکسمبۆرگ تا ماوەیەکی زۆر دەستەی نووسەرانی ئەم ڕۆژنامە بوون. لە ١٩١٧ بۆ ١٩٢٢ زمانحاڵی "سەربەخۆ" ئەڵمانییەکان بوو. لەدوای ١٩٢٢ بوو بە ڕۆژنامەی سۆسیال دیموکراتە ڕاستڕەوەکان.

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| لەلایەن کەســـــانێکی ناکرێکارەوە | ٧١٣ | ٢٦٥٠ | ٤٥٣ | ٦٧٦٠ |

بەمشێوە حزبەکەمان لە ساڵی ١٩١٤ـدا چوار لە پێنجی کرێکارە هوشیارەکانی ڕوسیای لە دەوری تاکتیکی سۆسیال دیموکراتی شۆڕشگێڕیی کۆکردبووەوە. لە ساڵی ١٩١٣ـشدا ژمارەی ئیشتراکی گروپە کرێکارییەکان بەرزبووەوە و لەلای براڤدییەکان گەشتە ٢١٨١ و لەلای پاکتاوکراوەکان گەشتە ٦٦١. لە سەرەتای کانوونی دووەمی ١٩١٣ـەوە تا ١٣ـی مایسی ١٩١٤، لە کۆی ئیشتراکی گروپە کرێکارییەکان بڕی ٥٠٥٤ لە هی برایڤدییەکان بوو (حزبەکەمان)، ١٣٣٢ـیش، واتە ٢٠.٨% لە هی پاکتاوکراوەکان بوو.

## مارکسیزم و سۆسیال شۆڤێنیزم

## ١٩١٥-١٩١٤

جەنگی گەورەی ئەوروپی ساڵی ١٩١٤-١٩١٥، دەرفەتێک بوو بۆ سەرجەم سۆسیال دیموکراتە ئەوروپی و ڕوسیەکان، لە ڕاستی و دروستی تاکتیکەکەیان لەسەر بنەمای قەیرانێکی خاوەن بایەخی جیهانی، دڵنیابنەوە. سروشتی کۆنەپارێز و چەتەگەری و کۆیلەکارانەی جەنگ لەمەڕ قەیسەری ڕوونتربوو وەک لە حکومەتەکانی تر. لەگەڵ ئەوەشدا گرنگترین گروپی پاکتاوکراوەکان (کە جگە لە حزبەکەی ئێمە، تاکە حزبێک بوو بەهۆی پەیوەندییەکانیەوە لەگەڵ لیبراڵەکاندا هەژموون و دەسەلاتێکی گرنگی هەبوو لە ڕوسیا) ڕوویکردە سۆسیال شۆڤێنیزم! گروپی ناشازاریا، بەچێژوەرگرتن لە پاوانکردنی شەرعیەت، لە بەردەم جەماوەردا ئاراستەی "بەرەنگارنەبوونەوەی جەنگ"ـیان دەگرتەبەر و ئارەزوویان دەکرد هاوپەیمانیی سێ قۆڵی (کە ئەمڕۆ بۆتە چوار قۆڵی) سەرکەوێت و "تاوانی هەرە شەیتانییان" دەخستە ئەستۆی ئیمریالیزمی ئەڵمانی... هتد. پلیخانۆڤیش، کە بەڵگەی زۆری لەسەر کەم بەهرەیی سیاسیی خۆی و بوونی بە یەکێک لە هەلپەرستەکان نیشاندابن، لە ساڵی ١٩٠٣ بەولاوە بە ئاشکرا هەمان هەڵوێستی گرتەبەر، هەڵوێستێک کە سەرجەم ڕۆژنامە بۆرژوازییەکان ستایشیان کرد. پلیخانۆڤ تا ئەو ڕادە پێی درێژکرد و وتی جەنگی قەیسەری جەنگێکی عادیلانەیە، لە ڕۆژنامە ئیتاڵییە فەرمییەکانیشدا بۆ ڕاکێشانی ئیتاڵیاش بۆ ناو جەنگ، وتارێکی بڵاوکردەوە.
ئیدی ڕاستی و دروستی بۆچوونمان لەبارەی ڕەوتی پاکتاوکراوەکانەوە پشتڕاست بوویەوە و گروپی سەرەکیی پاکتاوکراوەکان بە یەکجاری لە حزبەکەمان دەرکران. چونکە ئەمڕۆ بەرنامەی ڕاستەقینەی پاکتاوکراوەکان و ئامانجی ڕاستەقینەی لادانیان بەگشتی، تەنها لەسەر هەلپەرستی دانەمەزراوە، ئەمڕۆ ئەوان بەرگری لە ئیمتیازاتی خاوەن زەوی و بۆرژوازە ڕوسە گەورەکان و بەرژەوەندییە ئیمپریالییەکانیان دەکەن. ئەوان لادانێکی سیاسیی

کرێکاریی لیبراڵی نیشتمانین. ئەوان یەکگرتنی حزبی وردە بۆرژوا ڕادیکاڵەکان و بەشێکی کەمی کرێکاری خاوەن ئیمتیازاتی "بۆرژوازیەتە" نیشتمانیەکەیانن، دژ بە جەماوەری پرۆلیتاریا.

## دۆخی ئێستای سۆسیال دیموکراتی ڕوسی

وەک پێشتر وتمان، نە پاکتاوکراوەکان و نە هیچ گروپێکی دیکەی وڵاتە بیانییەکان (پلیخانۆڤ، ئەلیکسینسکی، ترۆتسکی و ئەوانیتر) و نە ئەو سۆسیال دیموکراتانەش کە پێیاندەوترێت "نیشتمانییەکان" (یان نارِوسەکان) دان بە کۆنگرەی کانوونی دووەمی ١٩١٢ـماندا نانێن. بەشێک لەو جمێنانەش پێماندەدەن زۆرینەی کات ئەوانەن کە وەک "لەخۆگۆڕاو" و "جوداخواز" تۆمەتبارمان دەکەن. لەکاتێکدا وەڵامەکانی ئێمە پشتئەستوورن بە ژمارەی ڕاست و لە پرۆسەی لێکۆڵینەوەی بابەتیانەدا دەسەلمێن، ژمارەگەلێک کە بەڵگەن لەسەر ئەوەی حزبەکەمان چوار لە پێنجی کرێکارە هوشیارەکانی ڕوسیای لەخۆگرتووە. ئەمەش کەم نییە ئەگەر ڕەچاوی هەموو ئاستەنگییەکانی کاری نهێنی بکەین، لە سەردەمێکدا کە سەردەمی بەرهەڵستکردنی شۆڕشە.
وەگەر "یەکگرتن" لە ڕوسیا لەسەر بنەمای تاکتیکی سۆسیال دیموکرات مومکین بێت، بەبێ دەرکردنی گروپی ناشازاریا، ئەی بۆ نەیارەکانمان نایکەن ئەگەر لە ناو یەکتریشدا بێت؟ لە کانوونی دووەمی ١٩١٢ـەوە تائێستا سێ ساڵ و نیوی دووورودرێژ تێپەڕیووە، لەم هەموو ماوەیەدا نەیارەکانمان، سەرباری هەموو ئارەزوویەکیان، نەیانتوانی حزبێکی سۆسیال دیموکرات لەدژمان دروستکەن. ئەم فاکتە باشترین بەرگرییە لە حزبەکەمان.

مێژووی ئەو تاقمە سۆسیال دیموکراتانەی لەدژی حزبەکەمانن مێژوویەکی پڕ نسکۆ و شکستە. لە ئاداری ١٩١٢ـدا سەرجەم ئەم گروپ و تاقمانە بەبێ جیاوازی بۆ لەناوبردنمان کۆبوونەوە. بەڵام هەر لە ئابی ١٩١٢ـەوە، کاتێک لە دژمان ئەو شتەیان پێکهێنا کە پێیاندەوت "کوتلەی ئاب"، لێکترازان کەوتە نێوانیانەوە. ئەوەبوو بەشێک لە گروپەکان لێیان جیابوونەوە، ئیدی نەیانتوانی نە حزبێک و نە کۆمیتەیەکی مەرکەزی پێکبێنن. تەنها توانییان لیژنەی ڕێکخستن "بۆ یەکگرتن" پێکبێنن. بەڵام لە ڕاستیدا ئەم لیژنە قەڵایەکی لاوازیی پاکتاوکراوەکان بوو لە ڕوسیا. لە تەواوی ئەم ماوەیەشدا کە لە ڕوسیا دژایەتی بزوتنەوەی کرێکاریی مەزن دەکرا و لەماوەی مانگرتنە جەماوەرییەکانی نێوان ١٩١٢-١٩١٤ـدا، گروپی ناشازاریا تاکە حزبێکی نێو کوتلەی ئاب بوو کە کاری لەنێو جەماوەردا دەکرد. چونکە پەیوەندییە لیبراڵییەکانی بووبوونە هێز بۆی. لە سەرەتای ١٩١٤ـەوە سۆسیال دیموکراتە لیتوانییەکان بە فەرمی لە کوتلەی ئاب کشانەوە (سۆسیال دیموکراتە پۆڵۆنییەکانیش تێیدا بەشدار نەبوون) لەکاتێکدا ترۆتسکیش کە یەکێکبوو لە سەرکردەکانی، بەشێوەیەکی نافەرمی کشایەوە و گروپێکی نوێی بەجیا دروستکرد. لە تەموزی ١٩١٤ـشدا و لەکاتی بەستنی کۆنگرەی بروکسلدا، کە نووسینگەی جێبەجێکاریی سۆسیال

ئەنتەرناسیۆناڵ تێیدا بەشداربوو، کاوتسکی و ڤاندەرڤێلد "کوتلەی بروکسل[1]"ـیان لەدژمان پێکهێنا کە لیتوانییەکان تێیدا بەشدار نەبوون و سۆسیال دیموکراتە پۆڵۆنییەکانیش، واتە ئۆپۆزسیۆن، لێی جیابوونەوە. دوای هەڵگیرسانی جەنگیش ئەم کوتلە هەڵوەشایەوە. ئیدی گروپی ناشازاریا و پلیخانۆڤ و ئەلیکسینسکی و ئان، سەرۆکی سۆسیال دیموکراتە قەوقازیەکان، بوونە سۆشیاڵیستی شۆڤێنیی ئاشکرا و ئاواتەخوازی شکستی ئەڵمانیا بوون. لیژنەی ڕێکخستن و باندیش کەوتە بەرگریکردن لە سۆشیاڵیستە شۆڤێنیەکان و پرنسیپەکانی سۆسیال شۆڤێنیزم. بەڵام بەرەی چیخدزی، سەرباری ئەوەی لەدژی دەرماڵە جەنگییەکان دەنگی دا (لە ڕوسیا تەنانەت دیموکراتە بۆرژواکان و ترودۆڤیکیەکان دەنگیان لەدژی دا)، کەچی هەر وەک هاوپەیمانێکی بەئەمەکی گروپی ناشازاریا مایەوە. سۆشیاڵیستە شۆڤێنیە قەدرگرانەکانمان، پلیخانۆڤ و ئەلیکسینسکی و شوێنکەوتەکانیان زۆر ڕازیبوون لە بەرەی چیخدزی. لە پاریسیش ڕۆژنامەیەک بەناوی ناشی سلۆڤۆ (گۆلۆس[2]ی جاران) بە هاوکاریی سەرەکیی مارتۆڤ و ترۆتسکی دەرکرا، ئەو دوانەی دەیانویست بەرگریی ئەفلاتونیانە لە ئەنتەرناسیۆناڵیزم ببەستنەوە بەو ئارەزووە بێ پایان و ڕەهای بۆ یەکگرتن لەگەڵ ناشازاریا و لیژنەی ڕێکخستن یان بەرەی چیخدزی لەئارادایە. پاش دەرچوونی ٢٥٠ ژمارە لەم ڕۆژنامەیە، ئەویش ناچاربوو دان بە هەڵوەشانەوەی خۆیدا بنێت: چونکە بەشێک لە دەستەی نووسەرانی بوونە لایەنگری حزبەکەمان؛ مارتۆڤیش هەروەک دڵسۆزێکی لیژنەی ڕێکخستن مایەوە. ڕەخنەی ئەوەیان لە ناشی سلۆڤۆ هەبوو ئەنارشیستە (وەکچۆن هەلپەرستە ئەڵمانەکان و دەیڤد و شوێنکەوتەکانی و ئەنتەرناسیۆناڵ کۆریسبۆندیس[3] و لیجیان و شوێنکەوتەکانی و هاوڕێ لیبکنیخیان بە ئەنارشیست تۆمەتبار دەکرد)؛ ترۆتسکی دابڕانی لەگەڵ لیژنەی ڕێکخستندا ڕاگەیاند کەچی لەگەڵ بەرەی چیخدزیدا بەردەوامبوو. ئێستاش بەرنامە و تاکتیکی بەرەی چیخدزی بەو شێوەی یەکێک لە سەرکردەکانی خستیەڕوو، دەخەینەڕوو. لە ژمارە پێنجی گۆڤاری سۆڤریمینی میری[4] ساڵی ١٩١٥، کە گۆڤارێکە سەر بە ئاراستەی پلیخانۆڤ و ئەلیکسینسکییە، شکانکیلی دەڵێت: "وتنی ئەوەی گوایە سۆسیال دیموکراتی ئەڵمانی توانیویەتی ڕێ لە کردەوە جەنگییەکانی وڵاتەکەی

---

[1] کوتلەی سێی تەموز (کوتلەی بروکسل): لە سەروەختی کۆنگرەی "یەکخستن"ـدا بەسترا کە لە ١٦ بۆ ١٨ـی تەموزی ١٩١٤ لەسەر داوای کۆمیتەی جێبەجێکاریی نووسینگەی سۆسیال ئەنتەرناسیۆناڵ، بە ئامانجی ڕاگۆڕینەوە لەبارەی ئەگەری یەکخستنەوەی حزبی کرێکارانی سۆسیال دیموکراتی ڕوسی بەسترا. لەم کۆنگرەیەدا کۆمیتەی مەرکەزیی حزبی کرێکارانی سۆسیال دیموکراتی ڕوسی نوێنەرایەتی بەلشەفیکی کرد، لیژنەی ڕێکخستنیش نوێنەرایەتی مەنشەفیکی کرد، ئەم ڕێکخراوانەش بەشداربوون: لیژنەی ناوچەیی قەوقازی و گروپی "بۆربا" (ترۆتسکی) و بەرەی سۆسیال دیموکرات (مەنشەفیک) لە دوما و گروپی پلیخانۆڤ "ئیدینستفۆ" و گروپی "پیریود" و باند و سۆسیال دیموکراتی لیتوانیا و سۆسیال دیموکراتە پۆڵۆنییەکان (چەپەکان).

[2] گۆلۆس Golos (دەنگ): ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانەی مەنشەفیکە ترۆتسکییەکان بوو، لە ئەیلولی ١٩١٤ تا کانوونی دووەمی ١٩١٥ لە پاریس سەریهەڵدا. ئەم ڕۆژنامە هەڵوێستێکی "میانڕەوی" گرتەبەر. لە کانوونی دووەمی ١٩١٥ـوە ڕۆژنامەی "ناشی سلۆڤۆ" Nashe Slovo (قسەی ئێمە) جێی گۆلۆسی گرتەوە.

[3] ئەنتەرناسیۆناڵ کۆریسبۆندیس: گۆڤارێکی هەفتانەی ئەڵمانیی خاوەن مەیلی سۆسیال شۆڤێنی بوو، بایەخی بە پرسە سیاسییە جیهانی و بزوتنەوە کرێکارییەکان دەدا، لەنێوان ١٩١٤–١٩١٧ لە بەرلین سەریهەڵدا.

[4] سۆڤریمینی میری (جیهانی هاوچەرخ): گۆڤارێکی ئەدەبی زانستی سیاسی مانگانە بوو، لە ١٩٠٦ تا ١٩١٨ لە پترسبۆرگ دەردەچوو. مەنشەفیک، ج. پلیخانۆڤ و ئەوانیتر بە چڕی تێیدا بەشداربوون.

بگرێت و نەیکردوە، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ئارەزووە شاراوەی کە دەیەوێت نەک تەنها دوایین هەناسەی خۆی بگرە دوایین هەناسەی وڵاتەکەشی هەڵکێشێت، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو دیدگای کە بە چاویلکەیەکی ئەنارشیستانەوە تەماشای بابەتی سەر ڕەفەکان دەکات"[1].

ئەم چەند دێڕە کەمە گوزارشت لە کرۆکی سۆسیال شۆڤێنیزم دەکات کە بریتییە لە: پاساوداركردنی پرنسیپی "بەرگری لە نیشتمان" لە جەنگی ئێستادا و -بە ڕەزامەندیی چاودێریی سەربازی- گاڵتەکردن بە بانگەشەکردن و زەمینەخۆشکردن بۆ شۆڕش. گرنگ ئەوە نییە ئایا سۆسیال دیموکراتی ئەڵمانی دەتوانێت ڕێگری لە جەنگ بکات یان نا، یان ئاخۆ شۆڕشگێڕەکان بەگشتی دەتوانن گەرەنتی سەرکەوتنی شۆڕش بکەن، گرنگ ئەوەیە بزانین ئایا دەبێت وەک سۆشیالیست هەڵسوکەوت بکەین یان دەبێت بەکردەنی لە باوەشی بۆرژوازیی ئیمپریالیدا "بمرین".

### ئەرکی حزبەکەمان

سۆسیال دیموکراتی ڕوسی بەر لە شۆڕشی دیموکراتی بۆرژوازی (١٩٠٥) لە وڵاتەکەماندا سەریهەڵدا، لە ڕۆژانی شۆڕش و ڕۆژگاری دژایەتیکردنی شۆڕشیشدا جێ پێی خۆی قایمکرد. دواکەوتنی ڕوسیا فرەیی جۆر و ڕەوتە هەلپەرست و وردە بۆرژوازەکان وەک فرەییەکی نائاسایی تەفسیر دەکات، لەکاتێکدا هەژموونی مارکسیزم لە ئەوروپا و هێزی حزبە سۆسیال دیموکراتە ڕاگەیەنراوەکان لەپێش جەنگ، ئازادیخوازە نموونەییەکانمانی کردۆتە هەواداری تیۆر و سۆسیال دیموکراتی "ماقوڵی" ئەوروپی (ناشۆڕشگێڕیی)، یان "مارکسیی شەرعی". چینی کرێکاریی لە ڕوسیا بە

خەباتی سی ساڵەی لەدژی سەرجەم فۆرمە هەلپەرستییەکان توانیویەتی حزبێک بۆ خۆی دامەزرێنێت. ئەزموونی جەنگی جیهانییش کە مایەپووچیی سەرشۆڕانەی هەلپەرستیی ئەوروپی ڕاگەیاند و هاوپەیمانی ئازادیخوازە-نیشتمانییەکانمان لەگەڵ ڕەوتی پاکتاوکراوەکانی سۆسیال شۆڤێنیزمدا دووپاتکردەوە، ئیمانمانی بەهێزکرد کە حزبەکەمان لەسەر هەمان ڕێگای دروستی شۆڕشگێڕیی بەردەوام دەبێت.

★

---

[1] "س.م" ١٥، ژمارە پێنج، لا: ١٤٨. پلیخانۆڤ تازەکییش دەڵێت ئەرکی ئەو ئەوەیە پێگەی بەرەی چیخدزی لە ئەنتەرناسیۆناڵدا بەرزبکاتەوە. گومان لەوەشدا نییە کە شکانکیلی لەلای خۆیەوە، بەهەمان هێز، بەرزکردنەوەی پێگەی ترۆتسکی لەنێو ئەنتەرناسیۆناڵدا لەئەستۆ دەگرێت. (لینین)